# کاریگەری سەتەلایت

## لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

## تەوێڵە بەنموونە

2008



عادل شاسواری

# کاریگەری سەتەلایت
# لەسەر پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان

## تەویلە بەنموونە

عادل شاسواری

2008

## پێشەکی:

سەتەلایت وەك یەكێك لـە دەركەوتـەكانی پـاش جـەنگی سـاردو پـاش دروسـتكردنو گەشـەكردنو نـاردنی مـانگی دەستكرد بۆ بۆشایی ئاسمان هاتە ئاراوە, یەكەمجار لە شـێوەی ئـەنالۆگو جـەرِ پاشـانیش بەشـێوەی دیجیتالو پۆزیشنەر, كارت,.. هتد لە دوای راپەرینەوە بەچەند ساڵێك بەشێوەیەكی بەربڵاو لە كوردسـتاندا بەرچاو دەكەوێت, كە لەچاو شوێنە ئـازاد نـەكراوەكانی كوردسـتانو عێراقـداو, لاسـەنگی بـاری ئـابووریو ئابڵوقـەی ئـابوری ناوچـەكەدا بەشـێوەیەكی بـەرفراوان ئـەم ئـامێرە بڵاوبویـەوە سـەرەرای بـوونی نرخێكـی گەورەش لەچاو بچووكی ئامێرەكە وەكو ئەوەی كەلە سەرەتاداو لەساڵی 1994 دا یـەك ئـامێری دیجیتـاڵ لەشاری سلێمانیدا 7500 $ بوو, كە تا ئەمرِۆ ئەو بڵاوبونەوەو فراژبوونە بەردەوامی هەیەو, كاریگـەریو رِۆڵی لەسەر زۆربەی لایەنەكانی ژیانی تاكو كۆی كۆمەڵگەی كوردی داناوە, بـەڵام تـا ئەمرِۆشـی لەگەڵـدا بێت توێژینەوەیەكی تێرو تەسەلو بەرفراوان نەكراوە لەسەر كاریگەرییەكانی ئەم ئـامێرە هەسـتیارە لەسـەر كۆمـەڵگەی كوردی, هەر بۆیە ئێمە بابەتی توێژینەوەكەمان تەرخانكرد بـۆ بەشـێك لـەم بـوارەو كاریگـەری سەتەلایت .. لەم پێناوەشدا هەوڵماندا لە هەردوو رِووی تیۆری و مەیدانی بابەتەكە هەڵسەنگێنین.

لەم بوارەشدا چەندین گرفت هاتە رِێگەمان كە دەتوانین بە كورتی ئاماژەیان پێ بكەین:

یەكـەم/ لەبـەر ئـەوەی بـۆ یەكـەمجارە لـەم بـوارەدا لێكۆڵینەوەیـەك دەكرێـت, كـەمیی بابـەتو سەرچـاوە بێدەرفەتی كردبووینو زیاتر پشتمان بەسەرچاوەی عەرەبیو سایتی ئینتەرنێتی بەست بـۆ پرِكردنـەوەی ئـەم كەلێنە.

دووەم/ لەبەر ئەوەی بەشێك لە بابەتەكەمان پەیوەندیی بەكۆمـەڵناسـییەوە هـەبوو كـە ئـەویش پەیوەندییـە كۆمـەڵایەتییەكان)ە بابەتی تایبەتمەندیو پسپۆرِی ئێمە نییە, ئەوەش دیسان گرفتێكی دیكەی بـۆ دروسـت كردبووین كەئەمـەشمان بەسەرچاوەكانی كۆلیژی زانستە مرۆڤاتییەكان پرِ كردەوە.

سێیەم/ یەكێك لە بەشە سەرەكییەكانی توێژینەوەكە رِووی مەیـدانی بـوو لەسـەر شارۆچـكەی تەوێڵـە, كـە ئـەویش لـەرِووی جوگرافییـەوە دورە لـە شـوێنی نیـشتەجێبوونەوە گرفتـی هاتووچـۆ ودووری مـەودامان هـەبوو,كـە بـە تـەرخانكردنی پـشوی نیـوەی سـاڵ بـۆ ئـەو بەشـە مەیدانیـەو دابەشـكردنی فۆرمـەكانو وەرگرتنەوەی وەڵامەكان چارەسەر كرد.

بۆ جێبەجێكردنی ئەومەبەسـتەی كـە دەمانەگەیـەنێت بـە دەرئجـامێكی سـەركەوتوو لەتوێژینەوەكەمانـدا, رِێگەی ئەم پۆلێنكردنەمان گرتە بەر:

بەشی یەكەم: بـاس لـە سـەتەلایتو مێـژووی سـەرهەڵدانیو قۆناغـەكانی گەشـەكردنو كۆمەڵـە و هەنـدێ لەگرنگترین كەناڵەكانی كراوەو پاشان ئاماژە بە بڵاوبونەوەی لە كوردستاندا كراوە.

بەشی دووەم: باس لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو چەمکی شوناسی ئەم پەیوەندیانە دەکات لەگەڵ ئەو هۆکارانەی کە کاریگەربوون لەسەر پەیوەندییەکانو بەنەمانیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان پاشەکشە دەکەن یاخود لاواز دەبن یان هەر نامێنن.

بەشی سێیەم: ئەم بەشە کراوە بە دوو پاری سەرەکییەوە, پاری یەکەم باس لە شوێنو هەڵکەوتەی جوگرافی شارۆچکەی تەوێڵە کراوە. پاری دووەم مێژوی دووروو نزیکی شارۆچکەی ناوبراو دەخاتە بەر تیرۆژی لێکۆڵینەوەکە. کە بۆ ئەم بەشە سەرەڕای بوونی چەندین سەرچاوەی بڕوا پێکراو لەبوارەکەداو سود لە شێوازی ئینتەرڤیوش وەگیراوە لەگەڵ کەسو کەسایەتی شارەزاو ناسراوی ناوچەکەدا.

بەشی چوارەم: سەراپای ئەم بەشە تەرخانە بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەکەو دابەشکردنی 113 فۆرمی راپرسی و شیکردنەوە وەڵامی فۆرمەکانو هەڵسەنگاندنی هۆکارو دەرەنجامی راپرسییەکە.

ماوەتەوە بڵێین میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان, میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و میتۆدی ئاماریی لەبەر چاو گیراوە, چونکە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەر ئەوەی دووڕەهەندە ( تیۆرو مەیدانی یە) پێویستشیمان بە هەردوو جۆرە میتۆدەکە هەبوو.

خراپ نییە لێرەدا ئاماژە بە ووشەی میتۆد بکەین, کە وەرگیراوی وشەی (*method*)ی فەرەنسییە, کە لەبنەڕەتدا لە وشەی (*ueqoos*) یۆنانییە وەرگیراوە, ئەفلاتۆن بەمانای لێکۆڵینەوە یان زانین بەکاری هێناوە هەروەها ئەم وشەیە لای ئەرستۆش بەرچاو دەکەوێت, کەمانا بنەڕەتییەکەی ئەو ڕێگایە دەگەیەنێت کە دەچێتەوە سەر مەبەستێکی دیاریکراو.[1]

سەبارەت بە وشەی میتۆدی ئاماریش کە ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەدا زۆر پشتمان پێ بەستووە, دەتوانین بڵێین ئەو میتۆدەیە کە بە پێی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی شێوازە میتۆدییەکان بەکار دێنین.

وەك رەمزو نیشانە, هەروەها هەڵدەستێت بە راڤەکردنو شیکرنەوەی ئەمەش یارمەتیدەدات بۆ گەیشتن بەئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە.[2]

لەرووی مەیدانییەوەبواری لێکۆڵینەوەکە بەسەر سێ بواردا دابەش دەبێ:

یەکەم: بواری شوێنی: ئێمە تەوێڵەمان هەڵبژاردووە کە سەر بەناحیەی بیارە, قەزای هەڵەبجە, پارێزگای سلێمانیە.

---

[1] ناهيدة عبدالركيم حافظ: مقدم في تصميم البحث الاجتماعية, مطبعة المعارف, بغداد 1981, ص 5

[2] معين خليل عمر: الموضوعية الوتحليل في البحث الاجتماعية, ط: الاولى, دارالانـاق الجريرة بيروت, 1983 ص 64

دووەم: بواری مرۆیی: ئەوەی لەتەوێڵەدا دەژێ لەرووی مرۆییەوە چ ڕەگەزی نێرومێ چ گەورەو بچووك, هەژارو دەوڵەمەندو.. هتد, کۆی چینو توێژەکانیوەرگیراون, ئەمە جگە لەوەی لەهەرسێ گەڕەکە بەناوبانگەکەی شارۆچکەکەدا, راپرسییەکە ئامادە بوون خۆی سەلماندووە.

سێیەم: بواری کاتیی: ئەوماوەیەی کە لێکۆڵینەوەکەمان تیا ئەنجامداوە 2004/11/1 دەستمان پێکردووە تا 2005/4/1 واتە ماوەی 6 مانگی خایاندووە.

چوارەم: کۆمەڵەگەی لێکۆڵینەوەکە کە ئێمە بەرێژەی سەدیی باسمان لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکەمان کردووە, کە چەند ژنو چەند پیاو, چەند گەنجو چەند تەمەنەکانی تر" بۆ هەر پرسیارێك بە چ ڕێژیەك چ وەڵامێکمان دەستکەوتووە" یاداشتکردووە.

ئەمە سەرەرای کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بەتەواوی وەرنەگرتووە.

چونکە لە ڕووی زانستیەوە پێویستە لەڕووی واقیعیشەوە گونجاوە بەڵکو سەمپل (عین)ەیەکی بە مەبەستمان لەچەند ژمارەیەکی هەرەمەکی هەڵبژاردووە, بەو شێوەیە سەمپڵی لێکۆڵینەوەکەمان بەو ڕێژەیە گەیاندووە.

پێنجەم/ نمونەیی لێکۆڵینەوەکە وەك گاهیر مسو زێباری دەڵێ: هەڵبژاردنی نمونەی لێکۆڵینەوەکە بە قۆناغێکی هەرە گرنگ دادەنرێت لە پرۆسەی ئەنجامدانی هەر لێکۆڵینەوەیەکدا چونکە ئەم لێکۆڵینەوە سەرکەوتنو تشوستهینانی دەکەوێتە سەر نمونەی هەڵبژێردراو[3] ئێمەش بۆیە شارۆچکەی تەوێڵەمان بەنمونە وەرگرتووە لەبەر ئەوەی ئەوێ بەیەکێ لەچارۆچکە دورەکانی چەقی پارێ.گا دادەنرێت, ئەگەر کاریگەری ئەم ئامێری ساەلایتە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەوێ دەربکەوێتو بسەلمێت, ئەوا لەسەر چەقی پارێزگا بەڵگە نەویستە, شارۆچکەی ناوبراو کەنالی ناوخۆی وەرناگرێت, لەبەر ئەوە کاریگەریی ساتەلایت لەسەری بە ئاسایی دەردەوێت, هەر کەسێك سەیری شاشە بکات پێویستە بۆ یەکێ لەکەناڵە ئاسمانیەکان بڕوانێت.

شەشەم/ ئەگەر کاریگەری سەتەلایت لەسەر تەوێڵەوەك نمونەیەکی مەبەستدار دەربکەوێت بەشێوەیەکی فراوان, ئەوا لەسەر شارو پارێزگاو پایتەختی کوردستان زیاترو بەرچاوترە چونکە چارۆچکەی تەوێڵە یەکێك بوە لە شوێ،گای سوتەمەنی جەنگەکانی نێوان بەرەی تیرۆرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان, ئەو لەژێر ئەو هەموو توندوڕەویو چەپاندنەدا کاریگەری ساتەلایتی پێوە دەرکەوێت ئەی دەی دەبێ لە شوێنێکی ئازاد کراوو بەفراوانتردا چەندە بەڵگە نەویست بێت.

---

[3] ***طاهر مسوزيباری: التنشئة السياسية الاجتماعية في الكردستان العراق, مجلة زانكو للعلوم الانسانية, جامعة صلاح الدين, اربيل عدد 12,2001 ص 255.***

## بەشی یەکەم

### سەتەلایت .. مێژووی سەرهەڵدان .. گەشەکردنی لە کوردستاندا

یەکەم : شوناسی سەتەلایت :

سەتەلایت ئەو ئامێرەیە کەلە دوای زنجیرەبەك گۆراننکاری یەکانی بواری ماس میدیا هاتە ئاراوە کەئەم ئامێرە لە شێوەیەکەوە دا کە پێی دەوترێ ( دیجیتاڵ) بەهەردوو سیستەمی ( ئۆدیۆ ڤیدیۆ) پێشکەوتووترین ئامێری ڕاگەیاندن لە دوای ئینتەرنێتەوزە .

سەتەلایت ئامێرێکە کەلە کۆتالیی هەشتاکاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاوبووەتەوە لە جیهاندا و لە ڕۆژهەتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە وەمرۆدا خۆی لە زیاتر لە (13 قەمەر) دەبینێتەوە وەکو پێکهاتەکانیش دوو جۆری هەیە :

1- سەتەلایت ی دیجیتاڵی نۆرماڵ ـ ئەم جۆریەان پێك دێ لە ئامێرێکی وەرگرتن ( ساج + Imp ) کە ئەتوانین بە هۆی ڕۆیتەرێکەوە ڕوو بەهەرکام لە قەمەرەکان بیگرێت .

2_ سەتەلایتی دیجیتاڵی کارت ـ ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە بەکارهێنراوترینیان کەلە کەیسی کۆمپیوتەر بنتیۆم چوار دەبەستریٚ ڕاستەوخۆ هاردو ێر و سۆفتوێرەکەی بۆ دادەبەزێنرێ بەمانایەکی تر وەك هەرکام لە کارتەکانی (ئۆدیۆ ڤیدیۆ) لە نموونەی (ڤیدیۆ فلای ) و ( سونایزی ) و ( ئاسۆس 3 ) و (ئێم ئێس ئای) بەهەمان شێوە ڕاستەوخۆ لە مەزربۆرد دەبەستریٚ وە خەزنی بەرنامەکانیش لەڕێی چەند بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرییەوە بۆ دادەبەزێنرێ.

دووەم : مێژووی سەتەلایت :

ئەگەر بمانەوێتە لە مێزووی سەتەلایەت بکۆڵینەوە ئەوا ئەبێت بگەڕێنەوە بۆ گرنتگرتیرن پێکهاتەکان سەتەلایەت کە ئەوانیش ئەمانەن

(ا) ووزەی کارکردنی

(ب) ئامێًری وەرگرتنی

(ج) ئامێۆری ناردنی

(د) ئەلًقەری پەیوەندی

ووزەی کاردنی کە بریتیە لە کارەبا وەك هەموو ئامێرەکان کارەباییەکمانی تر مێزوویکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروست کردنی کارەبا و فراشبوونی ئەو بوارە.

ئامێری وەرگتنی بەندە بەسەرەتای دروست بوونی ( تەلەفزیۆن) و(ئەنەلۆك) و پاش ( دیجیتتاڵ) کە هەر کام لەمانە میژووەکەیان زۆر کۆن نییە و وەکو سەرەتاش مێزووی درۆوست بوونی (تەلەفزیۆن) دەگەرێتەوە بۆ ساڵی (1940) لە ئەمریکا بەلاّم ئامێری ناردن بەندە بەسەرەتاکانی گەشەکردنی ئامێری پەخشی تەلەفزیۆن کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو وەك بەرایی ئەم بوارە ئەگین ئەوەی تایبەتە بە خودی سەتەلایتەوە ئاماژەی پیێ دەکەین.

ئەلًقەی پەیوەندی لە پەخشی سەتەلایتدا تایبەتە بە ئامێری پەخشی پەیوەندییەمکان لە جیهاندا وە سەرەتاس دروست بوونیشی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی سۆفێتی جاران ساڵی (1957) یەکەم ئەلًقەوی پەیوەندی دروست کرد لە نێوان ئێرەو و ئەوێ ( زەوی و بۆشایی) کە وێ لە یەکەمین مانگی دەستکردا بیینەوە کەلەلایەن یەکێتی سۆفییەتدا نێردا بۆو شای ئاسمان.:

ئەم هەنگاوە نوێیەی یەکێتی سۆفییەت هۆکارەکەی دروستبوونی جەنگی ساردبوو لە نێوان ئەمریکا و سۆفییەت کە ئەگەر قولتر ڕۆچین لە مێزووی بیرۆکەی مانگی دەستکر ئەوا ئەتوانین بیگێڕنەوە بۆ ئەڵمانییەکان پاش دۆڕانین لە بیرۆکەی جەنی جیهانی دووەم (1945) کە بەپێیێ بەیاننیامەی ( فێرسای) ئەڵمانیان نابێ بە هیچ جۆرێك چەکە بێت. هەر لەبەر ئەوە کارە ئەڵمانیا گرنگی دا بەلایەنی زانستی و پێشخستنی بواری تەکنەلۆزی لە ساڵی (1957) دا بۆیە بۆ یەکەم جار ووشەی ( الفڤاو) ( بۆشایی ئاسمان) هاتە ئاراوە1

1 *الاعلام الدولی والعربي / د. یاس خضر البیاتی / جامعة بغداد 1993 / ص216*

سالّی _1960) بۆ یەکەم جار تیشکی ( لەیزەر) دۆزرایەوە لەلایەن یەکێتی سۆفییەتەوە کە ئەمەش دواجار بوویە هەنگاوێك بۆ پێشخستنی بواری تەکنەلۆزی پەیوەندییەکان 2

لەسەرتای کرارکدنی مانگەدەستکردنەکاندا شەپۆلەکانی ( UHF) و ( VHF) ئەیانتوانی ئەو زانیارییانە بگەیەنن [3] کە ئەم زانیارییانە سەرەتا بە شێوەی تۆمارکرا ناو ستۆدۆکانی کەناڵەکاندا ئامادەی ئەکراپشان پەخش ئەکرا بەمانایەکی تر هەمیشە پەخش کردن ئەبوویە هەنگاوی دووەمی پاش پەخشی کردی هەتا سالّی (1980) بۆ یەکەم جار شێوازی پەخش کردنی ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆکانی هەوالەوە گوێزرایەوە بۆ خالّە گرنگەکانی هەواڵ و نیشنگای ( ریپۆرتێرەکان) و هۆلّەکانی کۆنگرە و کۆبوونەوە و تەنانەت تاگەیشتە ڤیستیڤاڵە هونەرییەکانیش.

مانگە دەستکردەکان بەمەبەستی زانیاری گەیاندی ( سیخوری , سیاسی , سەربازی , ئاتبووری ) پاشان گەیاندنە زانیاری ( ئەلیکترۆنی و پەیوەندی گشتی ) بەکارهات [4]

سێیەم : گەشەکردنی کەنالّە جیهانیەیکان .

سەرەتا داهێنانی (TV ) لە سالّی (1940) دا لە چلەپۆپەی هەلّگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم دا بلاوبوونەوە و لە یەکی نیسانی سالّی ( 1945) یەکەمین تەلەفزیۆنی( ملوەن ) ڕەنگاوڕەنگ کەوتەبازاڕەکانی ئەمریکاوە . گەشەکردنی کەنالّە تەلەفزیۆنەکان بەشێوەیەك بەرەو پێشەوە چوو تاوەکو سالّی (1962) توانرا سەتەلایتی هەوالگەیاندی ( تێلی ستار Telestar) هەلّکرا بۆ ئاسمان و لە میانەی ئەوەوە پەخشی بەرنامە لەڕێگە سەتەلایتەوە خرایە پێش چاوی هەموان.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم سیستمی سەتەلایتە بۆ یەکەم جار پەخشی بەرنامەکانی خۆی کرد لە ئەمریکا ئامێرەکانی دیش و گەورە بوون وە پەخشی کەنالەکانی سێ کەنالّ زیاتر نەبووکەئەوانیش ( ABC. NBC. CBS. ) بوون وە تا ئەمڕۆش ئەم کەنالاّنەلە ئەمریکا هەرماون.

نزیکەی پانزە سالّ لەمەو پێش و بەدامەزراندن و پەیدابوونی سیستەمی تازەی تەلەفزیۆنیوەك پەخشی تازەی سەتەلایتی لەتەفزیۆنی (PAYTV) و سیستەمی تەلەفزیۆنی کێبلّداری (CABLETV) هێشتا کێبڕکێیان وەك بیست سالّی کۆتایی زۆر تێك چڕژاون.

---

*2 کە دواتر بوویە هۆکاری دروست کردنی ( تحکم بعم کۆنترۆل ) کەلە نێوان یوزەرو ئامێری سەتەلاییت کە دا ڕۆڵی گەیاندی خواستی داواکراو دەبینێت.*

*3 موسوعة العلوم /100 الاتصالات/ د. صنعاء حداد , سعد ابراهيم / ص 34 . 35*

*4 العلام الدولى والعرب /د. ياس خضر البياتى / جامعة بغداد / 1993 ص 221*

لەساڵی (2001) دا ڕێکخراوی یونسکۆ ڕاپۆرتێکی خستەڕوو کە تیایدا ئاماژە دەکات بە (7000) وێستگەی گرنگی نێرەری ڕادیۆ (2500)ویسگەی گرنگی نێرەری تەلەفزیۆی[5]

لە ئەڵمانیان دوو ویستگەی گرنگ وەك کەناڵی گەورە تەلەفزیۆنییەکان بوونیان هەیە کەلە ئاست جیهان لە ڕێزی یەکەم دادەنرێن کە ئەمانیش (*ZDF. ARD*) ن کەهەرکام خاوەنی چەند ڕێکخراوێکی تەلەفزیۆنی بچوکن.

لە ئیتالیاش ڕێکخراوی سەرەکی تەلەفیزیۆن (*RAI*) کە ڕێکخراوی بچوکتری بە دواوەیە وەك ( *TV1* . *TV7*) هەروەها کەناڵی (*Rain News24*) کە پایەخ دەدات بە هەواڵە جیهانییەکان لە نێوان 24 کاتزمێردا.

لەفەرنسا کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بەو شێوە فراوان و گشت گیرنین وەك ئیتالیا ئەڵمانیا بەڵام لەڕووی جۆرایتەو و لەوان لە پێش ترن.

کەناڵە تەلەفزیۆنییە جیهانییەکان قەمەری (*Hotbiyd*) لە پێنج سکێشن(*H1-H5*) کە خاوەنی چەندین کەناڵی تەلەفیزیۆنین[6]

چوارەم : سەتەلایت لە کوردستاندا :

گەشەکردنی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕینەمەزنەکەی کوردستان چونکە پێشتر بەهۆی بوونی ڕژێمی بەعسی لە ناوچوو نەی دەهێشت هاولاتیانی عیراق سوودمەند بن لەم ئامێرە .. تەنها هەندێك لە دار و دەستەکانی خۆی نەبێت بەڵام بەهۆی ئەو ئازادیەی کوردستان کەلەساڵی 1991 بەدەستی هێنا کەلەدەستی ڕژێم رزگاری بوو بەگشتی بواری شارستانی و پێشکەوتن بەڕووی ئەم هەرێمەدا (کوردستانی عیراق ) کرایەوە و خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە گەشەی کرد و پەرەی سەند .. سەتەلایتیش وەك ئامێرێکی شارستانی و خزمەتگوزار لەکوردستاندا برەوی پێدراو خەڵکان لێی سوودمەند بوون . هەرچەندە لە بەر بوونی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر ناوچەکە و بەرزی نرخی سەتەلایت یەکسەر نەتوانرا بە شێوە خێرایە لە سەرەتای نەوەدەکاندا بلاوببێتەوە .

( خەڵکی ئێستا زۆرتر لە جاران بەکاریدەهێنن چونکە لە چاوجاراندا ئێستە هەرزانترە کەلە سەرەتادا بەپارەی چاپی سویسری بە35000 سی و پێنج هەزار دینار فرۆشتومانە ، کە ئامێرەکەشی لە رووی

[5] ***گۆڤاری ڕاپان زمارە 5.4 / بەهارو هاوینی 2002 / 73 / کە ئەویش لە ڕۆژنامەی جام جەم / زمارە 390 / لەبەرواری 2001/9/9 نووسی مهدی تارانی***

[6] ***هەمان سەرچاوەی ڕابردوو ل 74***

پێشکەوتنەوە وەك ئەوەی ئێستا مۆدێرن نەبوو دیجیتاڵ یش نەبوو ، بەڵکو تەنها ئەنەلۆك بوو بەلاّم ئێستا نوێترین ئامێری ( دیجیتاڵ کارت ، NEXT) بەهەموو ئێداویستیەکیەوە بە ($400) چوارسەد دۆلارە ، هەربۆیە ئێستا خەڵك روو لە بەکارهێنانی دەکەن و وەسوودی لێوەردەگرن لەبواری زانستی و رۆشنبیریدا ، وەهەندێکیش تەنها بۆ چاولێگەری دەیکڕن )7 . ئەگەربمانەوێت مێژووی سەرەتای گەشەکردن و بلاّوبوونەی سەتەلایت بگێڕینەوە سەر خالێکی دیاریکراو ئەوا بەگوێرەی رەوشی کوردستان لەژێرسایەی دەسەلاّتی حزبدا کۆی ئامێری نوێ و تەکنۆلۆژی لە نۆبەرەیدا پاوانە بۆئەو .. هیچ گومانی تێدا نیە کەیەکمین دووئامێری سەتەلایت کەلە کوردستاندا سەحنەکانیان بینراوە لەسەربانی بارەگاکانی سەرکرایەتی دەڤەری ئەولاو ئێرە بووە . وەلەسەر ئاستی تاکی مەدەنیش لەشاری سلێمانیدا ( شەماڵ عبدولرەحمان موفتی) یانزەهەمین کەس بووە کە سەتەلایتی هەبووە لەساڵی 1992 کەبەبڕی ( 35000 ) دیناری سویسری لەشاری سلێمانی نزیك مزگەوتی خانەقا کڕیویەتی , بەلاّم ئەگەر کێرڤێك دابنێین بۆ رادەی بلاّوبوونەوەی ئەم ئامێرە و ئاستی گەشەکردنی لە کوردستاندا ئەوا خاڵی گەشەکردنەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان و لەبەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1996 کە ئامێری دیجیتاڵ پەیدا بوو وەنرخیشی رۆژ بەرۆژ بەرەوهەرزانی دەچوو .

## بەشی دووەم

## پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان

یەکەم : شوناسی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان .

پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو پەیوەندیەیە کە دروست دەبێت لەنێوان دوو کەس یان زیاتر یان زیاتر لەچەند کەس وەك لە نێوان کۆمەڵەیەكو تردا,خۆی ئاشکرایە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە چەند دەمەتەقێیەکی سەرەتاییەوە دەبێتە پەیوەندییەکی تۆکمەو ڕێزلێگیراو, وەکو پەیوەندییەکانی فرۆشیار بەرکیارەوە یان قوتابی لەگەڵ مامۆستاکەی.. هتد).

پابەندی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پتر یان زیاتر لەم سێ خاڵەدایە:

1- بونی کاریگەری کۆمەڵگا کە تا چەند تاکە کەس سەرقاڵ ڕووی تێدەکات لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

2- بونی کۆمەڵێ ڕەمزی رەوشتی یان ووتەی وەیا زمانی کە بە بەردەوامی دەبەخشێ بەپەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکان.

3- بونی ئامانج واتە ئامانجت لەو پەیوەندیەدا چی بێت, کە ئەگەر مرۆڤ ئامانجێك بەدی نەکات پەیوەندییەکی خۆویستانە بەدی نایەت.

کە لەم خاڵو ووتانەی سەرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین پەیوەندی کۆمەلایەتی پەیوەست بوونی کەسە بەکۆمەڵەوە یان بەتاکەوە واتە تاکەکەس بێت یان کۆمەڵ یەك بێت تا چەندهەستی هەیە بۆ پەوەندی یاخۆی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنێتەوە کە زۆرجار بوونی ئامانج دەبێتە خاڵێك بەهێز بۆ ئەو پەیوەندیە وە پەیوەندیە کۆمەڵاەتیەکان کۆمەڵێ هۆکار لە پشتیانەوە هەیە وەکو ئابوری- سیاسی- کۆمەڵایەتی سەربازی- خۆی- پەروەردی, کە ئەم هۆکاران زۆرجار دەبنە چوارچێوەیەك بۆ کەسێك بۆ پەیوەندی کردن بە دەوروبەرییەوە.

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان هۆکارێکن بۆ تاکەکەس کە تواناییوکاردانەوەی بۆ کۆمەڵگاکەیدا تێدا بخاتە ڕوو کە دوو جۆر پەیوەندیمان هەیە پەیوەندیە ئیجابییەکان ئەوە کاتە دەبن کە کۆمەڵگا ئامانجو توانایەکی توندو تۆکمەی هەبێت لەو پەوەندیەدا کە لە پاشدا دەتوانێت کاردانەوەشی هەبێت بۆ پاش خۆی.

بەڵام پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکن بۆ تاکەکەس کەتوانایو کاردانەوەی بۆ کۆمەڵگاکەی تێدا بخاتە ڕوو,دوو جۆر پەیوەندیمان هەیە پەیوەندیە ئیجابییەکان ئەوکاتە دەبن کە کۆمەڵگا ئامانجوتوانیەکی توندو تۆکمەی هەبێت لەو پەیوەندیەدا کە لەپاشدا دەتوانێت کاردانەوەشی هەبێت بۆ پاش خۆی.

بەڵام پەیوەندیە سلبیەکان زۆرتر لەو پەیوەندییانەوە, پەیدا دەبێت کەلێك نەگەیشتن هۆکاری سەرەکی ئەمەیە,وەهەر ئەمەش دەبێتە هۆی نەبوونی پەیوەندییەکی ڕێز لیٚ گیراو.

ئەتوانین زۆر بەسادەیی بڵێین دووبارەکردنەوەی نەریت و یاساکان لە کۆمەڵگای کەلتورە زاراوەکەیدا , دەبێتە هۆی دروستکردنی خێزانێکی گەورە لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگادا, چونکە هەر ئەونەریت و یاسایانە یەکسان ساز یەك , ئاوێتە بونێڵ لە نێوان تاکەکاندا دەهێنێتەدی بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا یەکەم شێوەی خزمایەتی لە چوارچێوەی هەمان گروپی مرۆیدا درووستبووە کە هەمان یاسا و نەریت و پەڕەوی دەکەن : واتە یاساو نەریتەکان دەبنە بەردی بناغەی یەکەمین جۆری خزمایەتی خزمایەتی , بە گرۆوپ بوون , بە کۆمەڵ بوون , پەوەندی کۆمەڵایەتی .

واتە یەکیچتی کۆمەڵگالە پەیوەندی خزمایەتیەکان و وەفاداری تاکەکان لە ئاست ئەو پەیوەندییەدا دروست دەبیٚ هەربۆیە ئەگەرتاکێك لە نەریتەکان لە نەریتەکان لابدات نەك هەرمافی ئەندامێتی لێدەسەنرێتەوە بەڵکو وەك هەڕەشەیەکیش لەسەر یەکێتی کۆمەڵگا تەماشا دەکریٚ [7]

جەماوەر لە کۆمەڵگای پیشەسازی نوێدا بۆی دەردەکەوێت کە پەیوەستی پەیوەندی کردن بە دەزگا چالاکییەکانەوە هەیە لەبەر ئەوە دەسەڵاتی گشتییەکان, توانایەکە زۆر بەخت دەکەن لە گرنگیدان بەم ئامێرانە بەوە دادەنرێت کە کاریگەریەکە کارای هەیە لە بواری پێشکەتنی مرۆڤایەتیدا تاکەکان لەم کۆمەڵگا پەرەسەندووانەدا , بەشێوەیەکی گشتی گرنگیدەدەن بەو ئامێرانە.

بۆ نمونە لە فەرەنسا (5/4ی ) پێگەیشتوان ڕۆژانە تەرخاندەکەن و گرنگیپێدانە تاکەکان بە ڕۆژنامە کاتێك دەردەوێت کە خەڵکی دەستدەکەن بە مانگرتن , بۆ نموونە هێندێك لە تاکەکانی دەگەڕێنەوە بۆ خوێندنەوە ڕۆژنامە کۆنەکان, ڕۆژنامەکان ئەو گرنیگییەوە لەوە وەردەگرن کە گەورەترین دامەزراوەی ڕاگەیاندنی کۆمەڵییە بۆ گەیشتنی کۆمەڵەکان بە هەواڵە نوێکان[8]

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەست دەبێت لەنێوان تاکەکاندا کەدەبێتە پەیوەندیەکی سەرەتایی کەبەبەشداری کردنی پێویستیەکان پەیوەندیە تازەکان لەشێوان پەیوەندیەکیەوە گۆڕانی بەسەردا دێت کەئەم گۆڕانەش سلبیو ئیجابی هەیە.

وە گومانی تێدا نیە کەپێویستیەکانی پەیوەندی نابێتە پەیوەندی تا ئیجابی بێ یان سلبی بەڵکو پەیوەندییەکە کەدەتوانین بڵێینو سیلەیەکە، ەڵام ئەم وەسیلەیە پاشتر دەگاتە لوتکەی پەیوەندی کردن

---

7 ***مێژووی هزری کۆمەڵایەتی لە کلتورە زارەکییەکان وە بۆ یۆنان و ڕۆم / ئامادەکردنی ڕێبوار سیوەیلی / هەولێر 2003 ل14***

8 ***دەرونزانی کۆمەڵایەتی / نوسینی لیزنەیەکی پسپۆر/ وەرگێڕانی جەلال خەڵەف زاڵەیی/ چاپی یەکەم 2004 / 181***

بەیەکەوە، کەتاکەکان لەیەك بگەنو لەرێی ئەم پێویستیەوە دەبێتە حەلقەیەك بۆ پەیوەندیە باشەکان، نزیك کردنەوەی ماوە بەکمترین کات وە گواستنەوە پەیوەندییە راستگۆییو خۆشەویستیەکان، بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا پەیوەندیەکان باش نابن، بەلّکو ئەم پێویستە دەبێتە هۆکارێك بۆی ئەوەی کاریگەرییەکان مانای خۆیان لەدەست بردن، جگە لەتاکەکان لەناو خێزاندا، کەنابنە هۆی کزکردنی پەیوەندیە بەیەك گەشێنو بینیەکان، کاتێ دەوری زانست دەبێ لەسەر پەیوەندیەکان لەرێگاتی رێگا جیاوازەکانەوە وەکو هاتنو ئەنترنێتو وەتا کۆتایی وەسیلەکانی تر، بەلاّم نابێتە پێچەوانەی رووداوەکان، کەبەزۆری تەلەفۆن نابێتە یارمەتیەك لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا. کەئەمەش لەسەر کەسایەتیش وەستاوە واتە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی جیاوازە، بەلاّم ئاشکرایە رووداوەکان جۆرێ‌ی دی دەبینرێن کاتێ کە بەشێوەی گوێ گرتن بێت وەك ئەوەی بەچاوگوێو مێشكو دلّ ئاگاداری رووداوەکە بیت، تەنانەت ئەو کاریگەرییەی لەسەرتی بەجێ دێلێ جیاوازی زۆرە. وە تەلەفۆن دەولّەمەند نییە لەدیدارە مباشرەکاندا، وە تەلەفۆن چارەسەری کێشە ناکات، بەلاّم زیندوویەك دەبەخشێ دەربارەی کێشەکان، هەرچەندە تەلەفۆن هۆکارێکە بۆ پەیوەندی نێوان ژنو مێردو ئاگادارکردنەوەی یەکتر لەرووداوە تازەکاندا.

وە هەروەها دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان باوكو دایك رۆلّەکانیان وەکو چارەسەرنەکردنی گرفتە دەرونیو کێشەکانی تر، وە پێداگری دەکاتەوە لەسەر چارەسەرکردنی بیپەیوەندیە خێزانیەکان لەمانەوە دەگەینە ئەوەی کەبلێین لەگەلّ ئەوەی کەتەلەفۆن ئیجابیاتی هەیە بەپێچەوانەشەوە سلبیاتیشی هەیە لەژیانی کۆمەلّگادا لەنێوان دوو بەرامبەردا.

وە کێشە تەنها کێشەی تەلەفۆن نییە بەلّکو رێگای بەکارهێنانی تەلەفۆنە وەکو وەسیلەیەك بۆ پەیوەندی بەتەنها نەك بەکارهێنانی بۆ سوکایەتی کردن بەخەلّکی[2].

لەراستیدا بیرۆکەی بونیادی کۆمەلاّیەتی بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەلّکو ئەگەرێتەوە بۆ ناوەرستی سەدەی نۆزدەی هەروەك لەکتێبەکانی مۆنتسیکیۆدا دەردەکەوێت، کاتێك کەبیرۆکەی پێکەوەبوونی کۆمەلاّیەتی لەسەر بناغەی ستایلی ژیانی کۆمەلاّیەتی دروست بوو.

(رات کلیف براونت) ملی دەبینێ کەپەیوەندی کۆمەلاّیتی رێکخراوێکە پەیوەستە بەبونیادی پەیوەندی خۆمەوە کەئەویش لەسەر دوو پەیوەندی تر بەندە:

1-پەیوەندی سیستم بەتاکەکانی کۆمەلّگەوە لەناو بونیادی کۆمەلاّیەتیدا.

2-پەیوەندی سیستم بەکۆی سیستمەکانی ترەوە، کەپەیوەندیدارە بەپێکەوە بونو بونیادی کۆمەلایەتیەوە.[4]

---

[2] لەئینتەرنێت (عمانتل)ەوە.

دووەم : ئەو هۆکارانەی کار لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن .

لە ماوەی چەندین ڕابردوودا تەکنەلۆزیای مۆدرێن لەڕیچگەی ڕادیۆ , تەلەفزیۆن, سەتەلایت و گەشتە ئاسمانییەکانەوە تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی هیناوەتە ئاراوە کە بە هۆی ئەم تۆڕە هەرە بەشێکی جیهان دەتوانێت لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری جیهاندا بەشێوەیەکی مەیلەو بەردەوام لەپەیوەندیدا بێت. هەرە لەم ساتەی کە تیایداین جۆرە هەستێکی گشتی سەبارەت بەرقەرارکدنی پەیوەندی هەیە کە دەتوانین بڵێچین لە هەموو شوێنێك بەشێوەیەکی بەرچاو کەموکوڕی لەم بەرقەرارکردنە پەیوەندییەدا بەدی دەکرێت[9]

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەخاڵ ئەتوانین کورتیان بکەینەوە لەم چەند یەکەیەدا:

1- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی یەکەم ( خود وم خود)
2- پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئاستی دووەم ( خودو بەرامبەر)
3- پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سێەم ( خود و جەماوەر)

ئەوەی کاریگەری هەیە لەسەر تێکدانی یان کزکردنی ئەم پەیوەندیانە بە گوێرەی ئاستەکان ئەمانەین:

1- لایەنی دەروونی و سایکی : کاریگەریەکی زۆری هەیە بۆ سەر تێکچونی نێوان خورد و خود کە ئەوانیش خۆی دەبینێتەوە لە ( خۆنامۆبوون ,خەمۆکە ارهامە غەیبووبە هتد ) .

لایەکە سایکۆسۆلۆجزی وە ئەو داب و نەریتانەی کەلەناو کۆمەڵگادا پیرۆز سەیردەکرێ و لەگەڵ ئاستی کۆمنیکەیشین لە نێوان هەرکام لە پەیوەندییەکانی نێوان ( تاك + خێزان) و ( تاك + دامەزراوەی خوێندنگا یاخود فەرمانگە ) و ( تاك و ئەندامانی کۆمەڵگە ).

2-لایەنی سروشتی ئەدگارو ئاکار و هەڵسوکەوتی تاك لەگەڵ بەرامبەریدا وەك تاکێك ئەخاتە زێر پرسیاری ئەبستۆلۆزیاوە لەمەوەئەم ئاستە بۆلێن دەبێت لە نێوان کۆمیوکەیشنی دووکەس کەلەسەر هەر سێ ئاست:

(ا) ئەمی نزم و ئەوی باڵا( من الادنی الی الاعلی)

(ب) هەماهەنگ و هاوشانی یەك (التماس)

(ج) ئەمی بەرزوو ئەوینزم ( من الاعلی الی الادنی)

---

(4) (3) *لەئینتەرنێت* ***(النظرية الموجهة للبحث)***.

[9] ***دەوربارەی پەیوەدی / نووسینی / دەیڤت بۆ هام / وەرگێرانی بۆ فارسی محمد علی نەزاد/ کتێبی فەرهەنگ ئەندێسشە /4 بەهاری 381 دەربارەی دیالۆك***

ئــەو هۆکارانــەی کــە کاریگــەی لەســەر پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان بەجــێ دەهێڵــێن: وەکــو لــە پیپچشەوەئامازەمان پێدا ئاستەکانی پەیوەنـدی چـەند بـەش و لقێکـی لێدەبێبوویـەو بـەڵام کـۆی سـەرجەم پەیوەندییەکان پەیوەندی ڕاستەخۆوی نییە بەبابەتەکەی ئێمەوە ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەناواخنی بابەتەکەمانەوە هەبیە ئاستی سێیەمی کـە ئەکاتـە پەیوەنـدی نێـوان خـود و جـەماوەر کـە ئـەوانیش ئـەم پەیوەندیانە دەگرێتەوە:

1- پەیوەندی خوێن : وەك پەیوەندی نێوان ئەنادمانی خێزان کە بەهۆی خوێنەوە بەیەکەوە بەستراون.
2- پـەیوەدنی ڕەچـەڵەك: کـە بـە پلـەی دووەم دێ لـە دوای پەیوەنـدی خوێنەوەهـەر درێژکـراوەی خوێنـە کەڕەچەڵەکیش دەهێنێتە بوون کە دەبنە خزم و تیرە و تایفەی یەك وەك ( مام و خاڵ و پور و زن و زن براو برازن و خالۆزن و ئامۆزن .. )
3- پەیوەندی هۆز : بەئاستی سێیەم دێت لە پلەی بەندی هاوسۆزی ونزیکایەتدا کە دەکاتە ئـەو خێـزان و ئەندامانەی کەلەناو یەك هۆزدا کۆبوونەتەوەو سەرەك هۆزیان هەیە و یەك زمانی هاوبەشـیان هەیـە و لەسەر یەك خاڵیش ئەزین.

پەیوەندی هاوئاینی : هاوسۆزی ئاینی خۆی لە برایەتی ئاینی نێوان ئەو کایە کۆمەڵایەتیانـەدا دەبینێتـەوە کە خاوەنی یەك جۆر ئاینن وە ئەم هەستەش هـەڵقوڵاوی نێـو دەقـەکانی کەیـەوە وە ئـەو ئاینـە داوای ئـە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییان لـێ دەکات.

سێیەم : هۆکارەکانی نەمان و کزبوونی کاریگەری پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەکان .

1- بوونە نیزاع و کێشەی زەو و زار و میرات و پارەو و سامان ...

پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزانێك یاخود ڕەچەڵەکی کاڵ و دەکاتەو هەندێ جار دەگاتە ئاسـتی پەیوەنـدی دابڕان و میتا کۆمینوکەیشتن .

2- جیاوازی ئاستی زانستی و خوێنـدن و زیـار و بـینی زیـاد لـە شارسـتانییەتێك زیـاد لـە نیـشتمان و وڵاتێك دەکاتە جیاوازی جیهانیبینی نێوان تاکەکانی هۆز و تایفەیەك ئەمە کاریگـەری زۆری دەبێـت لەسەر پەیوەندی نەگتیڤی نێوان ئەو ڕەچەڵەك و هۆزەە ئەگەر پلەبەندی ئاستی کەسـەکان لـەناوتیرە و تایفەکاندا پێچەوانە نەبێت لەگەڵ ئاستی زانستی و شارەزاییان .
3- ئەو کۆمەڵە داب و نەریتە کۆنانەی کە تا ئەمڕۆش تێکەڵ بەکایەی ئاینی و بزاوتی کۆمەڵاتی کـراون لـەکاتی سـاغ کردنەوەیانـدا دەردەکـەوێت هێنـدە بـوونی عەیبـە حـەرامی ووجـوودی نییـە وە بـە پیبێچەوانەوە .

4- ئەو خاڵانەی که لەلای خەڵکی عەشایەری نێو زوترەو تایفەکتن برەوی هەیە هێندەی لەدەوری ( تەعزیە , شەونشینی , شای , گەلکار .. ) ئەسورێتەوە وە زۆرتر بەکەسانێك ئەچن بەرێوە کاتی فەراغی زۆرو کاروکاتی پیپۆڕی کەم بێت هەر بۆیە زۆرجار کەسانی پیشەوە و پسپۆڕ تووشی پێکدادان و شۆك ئەبن لەگەڵ پەیوەندیە کۆمەلأیەتیی و ئاستە کۆمەلأیەتەکەدا.

لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی بواری تەکنەلۆزی و ئامێرسازی لەناو هەر شارو شارۆچکەیەکدا بە گوێرەی ئەوە ئاستی سەردان و شەونشینی و هاودەمی کردنی نێوان خێزان و بنەماڵچەکان ڕوو لە پاشەکشێ دەکات چونکە لەلایەن ئەوە بەستەجەوهەریەی سەردانەکە بەهۆی ئامێری وەك سەتەلایەت کە ئەتوانێت دەوری سەدان چیرۆك و ڕاز و شیعر و گۆرانی بگرێتەوە لەلایەکی تریشەوە جیهانێکی نوێیەو بەنجرەیەکی گەورەتر کەئەتوانێت لێوەی بڕوانێ بەسەر جیهاندا کەئەوەزیاتر جێگەی سەرونجی لەلای نەوەی نوێ لە چاو پەیوەندیی کۆمەیێەتییەکاندا ئەمە ڕوو یەکە ڕوویەکی تریشی ئەم ئامێرە تەکنەلۆزیانە زۆریان زەمکان دوور نزیك دەکەنەوە مەبەستیش جێبەجێ دەکەم وەك داهێنانی موبایل کەتەنها بە لێدانی زمایەك و ( ) کردنێك پەیوەندی لەگەڵ نەك هاو هۆزو هاونیشتمان و هاو ئاین و هاو زمانی خۆتدا دەکەین بەلچکو ئەتوانیت لەگەڵ دورترین هۆز و نامۆترین نیشتمان و نەنانسراوترین ئاین جیاوازترین زماندا بکەین کە ئەم خالّەیان لەبەشی چوارەمدا بەدرێژی لەسەری دەدوێن.

چوارەم : جۆرەکانی پەیوەندی کۆمەلأیەتی .

1- پەیوەندیە کۆمەلأیەتیە یەکەمەکان:

بریتیی یە لە پەیوەندیو تێکەلبوون لەنێوان ژمارە یەکەکەم لە ئەندامەکان یان دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی کۆمەڵە یەکەمیەکان وەك کۆمەڵەی سۆز یان گەپو گاڵتە وە خێزان وەك بوونی ئەو پەیوەندیە بەهێزە فراوانە پەیوەست بووە لەنێوان وەلأمدانەوەی گشتگیری تێدا ئالۆگۆڕ دەکرێ وەك ئەو پلەیەی کە تاك بە دەستی دەهێنێ وە پێی ڕازیە لەپەیوەندی کۆمەلأیەتیدا کە گەورەترە لەو پەیوەندیەیکە تاك بە دەستی دەهێنێ لە پەیوەندی کۆمەلأیەتیە دووەمیەکاندا. وەتاك زۆر گرنگیدەدات بەم شێوەیە لە پەیوەندی چونکی ئەم پێویستیەکە خۆیەتیو کۆمەلأیەتیو گیانیە, وە ئەم پەیوەندیە دەکەوێتە کۆمەڵەکانو دەزگاکانی کۆمەلگە هەمووی, وە تاك هەندێ جار پەیوەندی یەکەمی هەیە لە قوتابخانەو شوێنە گشتییەکانو کارگەدا.

کە دروست دەبێت لەنێوان هاوڕێو دۆستە نزیکەکانیدا, چونکە واهەست دەکاتکە مورتاح بووبێت لەم کردەوەیەیدا لە پڕ بوونی پێویستیەکانی وە ڕاست کردنەوەی ئارەزووە خۆیە نزیكو دوورەکان.

2/ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە دووەمیەکان:

ئەمە پەیوەندیو تێکەڵ بوونە لە نێوان ژمارەیە زۆر لە خەڵکی کە دەڕواتە یان دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵەکانو دەزگا گەورەگان وەك خوێندنگاکانۆ حزبە سیاسیەکانو کارگەو شریکە گەورەکان وە یەکە سەربازیەکان, وە ئەم پەیوەندیە کەلە تاكو کۆمەڵە تاکێك دا دەبێت لەگەل کۆمەڵەو دەزگا گەورەو گرنگە خزمەتگوزاریە دیاری کراوەکان بە بنەما رەسمیە زانراوەکان وە سروشتی پەیوەندی کۆمەلایەتیە دووەمیەکان رەسمی دەبن یان واتە سادە یان گرانو گریتی دەبن,وەئەم بۆ راست بوونەوەو پێکانی ئەهدافی بابەتیو کۆمەڵایەتیەکانە وە ئەهدافی خۆی نیە.

بۆ تاکەکان. وەئەم پەیوەندیە گرنگە کەمترە بۆ تاکەکان لە پەیوەندی پێشو کاتێك دەچێتە دامەزراوە کۆمەڵەکانەوە.

وە تاکەکان مورتاح نین لەمپەویەندیەدا لەچاو پەیوەندی کۆمەڵایەتییەکەمدا چونکە شێوازی یەکەم لە پەیوەندیەکان بۆ دیاری کردنی یاسا پێسا رەسمیەکانە بەڵام شێوازی دووەم لە پەیوەندیەکان بۆ دیاری کردنی ئارەزووەکانو کێشەکانو پێویستیەکانی تاکە.

3/ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ستونیەکان:

پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ستونیەکان بریتییە لە پەیوەندو تێکەڵ بوون کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر کە بۆ چارەسەرکردنی بنکە کۆمەڵایەتیەکانو وەڤیفە جیاوازەکان کە ئەمەش دەگۆڕێ بەپێی شوێنەکەوە بنکەکەوە سروشتی خزمەت کردنە کە. وەك پەیوەندی لەنێوان ئەندازیاروز کرێکار یان پەیوەندی لە نێوان گەورەی کارگە یان سەرۆکی کارگە لەگەڵ بەرێوەبەری بەشدا.

وە ئەندازیار چارەسەرکرنو وەزیفەیە کە دیاریکراوی بەرزتری لەسەرە لەچاو ئیشی کریکاردا, وە سەرۆکە کارگە لەگەڵ سەرۆکە بەش.

وەئەم پەیوەندیە دەبێتە دووبەشی سەرەکە:

پەیوەندی ستونی فەرعیو وە پەیوەندی ستونی غیر فەرعییەوە پەیوەندی ستونی فەرعی,دەکەوێتە نێوان دوو کەس لە دوو ناوچە جیاوازدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی جیاواز لە دەوری کۆ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی دارن کە فەرمانو پێویستە قەومیەکان لەناو پرۆژەی پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیەدا.

وەکو پەیوەندی نێوان ئەندازیار بە کرێکارەوە سەبارەت بە پێویستی ئیشو کارە زیادەکانو تاقەتو توانی بەرهەمهێنان لەلایەن کرێکارەکەوە.

بەلام پەیوەندی کۆمەڵایەتی ستونی نافەرعی بریتییە لەو پەیوەندیو تێکەڵ بوونەی کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی دوو مەڵبەندو دوو ناوچەی کۆمەڵایەتی جیاواز, وە ئەك

حاڵەتە پەیوەستە بە پەیوەندلای ئەو ئیشۆ کاری لەگەڵ تاکەکاندا کە دروست دەبێت وەکو ئەك پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەی کەلەنێوان بەڕێوەبەری بەشی ئەندازیاری سەبارەت بە ڕۆیشتنو چێشتخانەیەك پش کۆتا هاتنی کاتی دەوامی فەرعی.

4/ پەیوەندیی کۆمەلاّیەتییە ئاسۆیییەکان:

ئەم پەیوەندییە یان تێکەڵ بوونە کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ چارەسەکردنی کێشە کۆمەلاّسەتسە یەکسانەکان وەك پەیوەندی یەڕێوەبەری بەرهەم هێنان یە یەڕێزەیەری لێکۆڵینەوەو دراساتی لە دەوری گرنگە هەستان بە خوێندنەوەی مەعریفی و بەرهەمهێنانەو .

و پەیوەندی کۆمەلاّیەتیی ئاسۆی دەکەوێتە نێوان ئەوانە کە کاردەکەن لەناوچە یەکسانەکاندا کەیەك یەشداریان یەشی جساواز وەك یەکە , وەك پەیوەندی ئەندازیاری ( أ) یەئەندازیاری ( ب) یان پەیوەندی یەڕێوەیەری یەش یان پۆل خۆیەتی بەبەڕێوەبەر بەشی فرشتنەکانەوە یان پەیوەندی کرێکاری (أ) بە کریکاری (ب) , بەلاّم پەیوەندی کۆمەلاّیەتی ئاسۆی دایەش دەبێ بۆ دوو یەشی سەرەکی کە پەیوەندی کۆمەلاّیەتی ساتوونی فەرعی و نافەرعی و پەیوەندی کۆمەلاّیەتی فەرعی ئەوە پەیوەندی و پێکەوە بوونە کە دەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیتر بۆ چارەسەکردنی ناوە کۆمەلاّیەتییە یەکسانەکان لە دەوری پەیوەندی و کارویارە پێویستە ڕێکخراویە کارگەییەکان وەك پەیوەندی ئەندازیار ( أ) بە ئەندازیاری (ب) لە دەوری ئالۆگۆڕکردنی ئالیاتە کۆنەکانەکان وەختنە ناوەوەی ئالیاتە نوێیەکان بەلاّم پەیوەندی ئاسۆی نافەرعی بریتیە لەپەیوەندیو تێکەڵبوون کەدەکەوێتە نێوان دوو کەس یان زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کۆمەلاّیەتیەکان بەگشتگیری.

لەدەوری پەیوەندی کاروبارە تایبەتیەکان بۆ تاك کە وەك دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکان لەنێوان کرێکاری (أ) بۆ کرێکاری (ب) لەچونیان بۆ سینەما دوای کۆتایی هێنان بەکاروباری بەرهەمهێنان.

5/پەیوەندیی کۆمەلاّیەتیە فەرمی یەکان:-

بریتیە لەپەیوەندیەی کەبنەڕەتو تێگەیشتنە یاساییە فەرمیەکان دیاری دەکات بۆ رێکخراوە کارگەییەکان، وە بەزۆری ئەم یاسایە بەکاردێت لەدەزگاو رێکخراوە کۆمەلاّیەتیەکاندا.

وە هەدەفی بۆ گرنتی هەستانی دەزگاکەیە بۆ ئیش وە بەردەوام لەگەشەکردندا بێ رۆژ بەرۆژ.

و یاسافەرمی یەکان بۆ دەزگاکان بۆ دیاری کردنی دەورو ئیش کردنی تاکەکانی وەدانانی کاریان لەکارگەکەدا.

وە پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیە فەرمیەکان لەدەزگاکاندا کاریگەرە بەسێ بنەمای سەرەکی:-

1/سروشتی دەورە کۆمەلأیەتیەکان بۆ تاك لەدەزگادا.
2/کەنالە فەرمیەکان بۆ پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکان لەنێوان بنکەو بەشی دەزگادا.
3/ئارەزووەکانو ئاراستەکان بەرژەوەندیەکانو کاتی ئیشکردنی سەرك‌و کارمەندەکان.
6/پەیوەندیە کۆمەلأیەتیە نافەرمیەکان:

بریتی‌یە لەپەیوەندیەکانو تێکەلّ بوونەکان کەدەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی دەزگاوە، بەبێ دیاری کردنی یاساو رێسا فەرمیەکان بەلّکو دیارکردنی پەیوەندییەکان لەهەلّوێستو ئارەزوەکانو ئاراستەکانو بەرژەوەندەکان تاکەکان.

وە بەزۆری کەئاشکرا دەبێ ئەم پەیوەندیە لەنێوان کرێکاران وە ئەوە دوای دروست بوونی کۆمەلّێك یان دەزگایەك لەکرێکاران بەشێوەی نافەرمی کەلایەنی کارگێڕیەکەی نازانن‌و لەپێکهاتەکەی بێ ئاگان چونکە دژن بەتێگەیشتن بەرژەوەندیەکان کەهەلّیان گرتووە.

وە پەیوەندیەکان کەنافەرمین کەگەشە دەکەن لەنێوان کرێکاراندا بەنمونە چەند تایبەتمەندیەکیان هەیە:

1/کرێکارەکان مورتاحن من بە پەیوەندی نافەرمی زیاتر تا پەیوەندی فەرمی چونکە رایان دەکێشێ لەگەلّ ئارەزوەانیان وە ئاراستەکانیان وە هەلّوێستیان.

2/پەیوەند بەنافەرمیەکان ئامانجیان بۆ دارو خانی پەیوەندیە فەرمیەکانە کەلەدایك دەبێ باوکی کارو خزمەت بۆ ئامانجی ئەوان‌و ئارەزویان.

3/تێکشکانی مادی‌و دەرونی (نفسی) و کۆمەلایەتی کەدژە کرێکار پێی وە بەزۆری هەولّ دەدات بۆ دروست کردنی پەیوەندی نافەرمی. واتە بۆ ئەو پەیوەندیانەی کەهەولّ دەدات بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویەتی کرێکارو پالّپشتی سەربەخۆ بوونی بەرەو پیرچونی پەرگیری خواستە خودیەکانو مەبەستە دەرونیەکان.

4/پەیوەندیە نافەرمیەکان کەدرویت دەکات کرێکار لەکۆی کارو جیاوازەکاندا کارێکە لەرۆلّێکی گرنگ دا گەمەی خۆی دەکات لەنمونەی رامالّینی ستەم‌و سەرداری زۆرداری کەبەرامبەر دەوەستێ‌و پەنجە شکێنە دەکات لەگەلّ کرێکاری ئامانج‌و ویست دا، بەتایبەت لەکایەی ئەو یاسا فەرمیانەی کەدانەرەکەیان دەربارو پارێزەری بەرژەوەندیەکانی بەرەی رابردوو دایئەرێژن‌و لەخزمەت راژەی مەبەستەکانی ئەواندایە[1].

پێنجەم :پەیوەندییە کۆمەلأیەتیە سەرکەوتووەکان

---

[1] ***الاستاذ: إحسان محمد الحسن/ موسوعة علم الاجتماع/ دار العربية للموسوعات ط1/ 1999/ ص 405-411.***

سەرەتا پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریەکی گرنگی هەیە لەپەیوەست بوونی کۆمەڵگا بەیەکترەوە وە دوورکەوتنەوەی ئەندامەکان، کۆمەڵگا لەیەکتر لەئەنجامی باشو خراپ بەکارهێنانی پەیوەندیەکان.
سەرەتا کاتێك تۆ گەشتی بەکەسێك پێش ئەوەی بیناسی چۆن قسەی لەگەڵدا دەکەیت؟ کامەیە ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە سەرکەوتووە؟.
پێویستە سەرەتا تۆ ناخی ئەو کەسە بخوێنیتەوە کەئایا ئەو کەسە کەسێك چۆنە توڕەیە یان هێمنو لەسەرخۆیە وە پاشان گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت.

شەشەم : لیستی سەرکەوتوو لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیدا.

1/تەوقە کردن:

تەوقەکردنو دەست گوشبینی یەکێکە لەتوندوتۆڵ کردنی پەیوەندیەکان وە نابێ زۆر بەتوندی دەستی بەرامبەر بگوشی گوایە زۆرت خۆش دەوێ بەڵکو بەهۆی چاوەکانتەوەو رووخۆشیەکەتەوە لەگەڵ تەوقەکەدا دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەنێواندا وەئەمە کارێکی زۆر بچوکە بەڵام زۆر بەبایەخە.

2/جلوبەرگ:

جلوبەرگ کاریگەری هەیە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان چونکە کۆمەڵگە رووخساری شتەکان دەبینێت وە کاتێك کەسێك قاتو بۆیناخێکی جوانی لەبەردابێ لەگەڵ قۆنەرەیەکی تازەی بۆیاخ کراو دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی دەوروبەری هەرچەندە ئەو کەسەش لەناوەڕۆك دا هیچ نەزانێ خەڵکی وا دەزانێ کەکابرایەکی زۆر رۆشنبیرە، وەپەیوەندی لەگەڵدا دەبەستن بەڵام کەسێك پێچەوانەی ئەم بێت هەرچەندە رۆشنبیریش بێت بەڵام کۆمەڵگا پێی کاریگەر نابێ.

3/پەیوەندی چاوی (زمانی چاوەکان)

کاتێك تۆ سەیری کەسێك دەکەیت پێش ئەوەی قسەی لەگەڵ بکەی مانای ئەوەیە کەتۆ گرنگی پێ دەدەیت وەکاتێك قسەی لەگەڵ دەکەی یان ئەو کەسە قسە بۆ دەکات دەبێ تۆ سەیری بەرامبەرەکەت بکەیت ئەوەش دەبێتە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی لەنێواندا بەڵام ئەگەر تەماشای نەکی مانای وایە، کەتۆ کەسێکی شەرمنی یان گرنگی بەو کەسە نادەی وە ئەوە دەبێتە هۆی نەمانی رێزگرتنی نێوانتان.

4/ئەنجام دانی گفتوگۆ:

بەئەنجامدانی گفتوگۆ تۆ دەتوانین بەرامبەرەکەت راکێشی بۆ لای خۆتو بیخیەتە ژێر کاریگرەی خۆتەوە وە ئەو کسە شت بۆ تاقی دەبێەوە کەگفتوگۆی لەگەڵ دەکەی بەڵام بەمەرجێ دەبێ بزانی چنۆ گفتوگۆ دەکەی لەکوێوە دەست پێدکەی وەچۆن دەتوانێ ئەو کەسە راکێشی بۆ لای خۆت بەچ وشەیەكو رستەیەك

ئەو کەسە ڕەددانەوەی دەبێ یان نابینێ. کەئەمەش لێزانینی وردی دەوێ هەروەك بنەما سەرەکیەکەی سکرات بریتی بووە لەخوار ئەویش بەشێوەی پرسیارکردن کەتوانیویەتی بەرامبەرەکەی بۆ دەرکەوێت.

5/زەردەخەنەکردن:

کە ئەمەش لەگەڵ خاڵی چوارەمدا گرنگی زۆری هەیە وە بەم زەردەخەنەیە کاتێك دەگەیت بەکەسێك بێ ئەوەی بزانی کەسێکی گاڵتەجارە یان تووڕەیە دەبێتە هۆی دروست بوونی هەڵوێستێکی باش لەبەرامبەرەکەتدا بەرامبەر بەتۆ. دەبێتە هۆی نیزیك بوونەوەتان لەیەکتری وەدروست بوونی پەیوەندی لەنێوانتاندا بەشێوەیەکی توندوتۆڵ لەئەنجامی خەندەیەکدا کەخۆی لەڕاستیدا شتێکی زۆر بچوکە.

بەگشتی هۆکارەکانی دروست بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو ئاسانن وە شتێکی یان کرداری بچوکن بەڵام چۆن بەکارهێنانیانو کەی بەکارهێنانیان لێزانینی دەوێ ئەوە ئەوەش دەبێ زۆر گرنگی پێ بدرێ چونکە وەکو گیانو جەستە وان ئەو خاڵانەی سەرەوە جەستەن بەڵام چۆنەیتی بەکارهێنانیان گیانەکەیە[3].

(3) لەئینتەرنێت (العلاقات الاجتماعية).

## بەشی سێیەم
## جوگرافیا و مێژووی تەوێڵە
### پاری یەکەم : جوگرافیای تەوێڵە

یەکەم / شوێنی تەوێڵە :

شارۆچکەیەکی ناوچەی هەورامانی لهۆنە ، کەوتوەتە بەشە کوردستانی باشوور لەسەر سنووری کوردستانی ڕۆژهەلاّتە لە ڕۆژهەلاّتی باکووری عێراق . ئەم شارۆچکەیە ناحیەکەی ( بیارە )[1] یە و سەربە قەزای ( هەلەبجە ) یە لە پارێزگای ( سلێمانی ) ، مەودای نێوان تەوێڵە و بیارە ( 14 کم ) ە بۆ خورماڵ ( 32 کم ) و بۆ هەڵەبجە ( 35 کم ) ە و بۆ سلێمانی ( 105 کم ) ە .

مامۆستا ( عەبدول ڕەقیب ) سەبارەت ( تەوێڵە ) لەنێوان شارولادێدا دەڵێ : ( هەرچەندە تەوێڵە بەلادێ دانراوە ، بەلاّم دەتوانین بەیەکەم لادێی کوردستانی دابنێین ، لەلایەن فراوانی و جوانی و زۆری باخ و باخاتەوە . تەوێڵە لەجۆری شارەوە نزیکە تاوەکو جۆری لادێ ، لەبەر ئەوە ئێمە وەك شار سەیری دەکەین و بەسەریدا دەڕۆین . دەبێ بشزانین کە جوگرافیای شار چەند پێناسەیەکی هەیە ... گرنگترینیان دیاری کردنی بەوەزیفەی پیشەییە نەك بەقەبارە )[2] .

هەروەها دکتۆر ( شاکر خەصباك ) سەبارەت بە ئەو ناوەندانەی کە لەشار دەچن لەپارێزگای سلێمانیدا ئەڵێ :

( هەندێك شوێن هەیە لەشار دەچن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە ، وەك ئەمانەی خوارەوە [3]:

تەوێڵە لە هەڵەبجە ، ژمارەی دانیشتوانی 2931 کەسە .
بەرزنجە لە شارباژێر ، ژمارەی دانیشتوانی 1768 کەسە .
پێنجوێن لە هەڵەبجە ، ژمارەی دانیشتوانی 1473 کەسە .
بیارە لە هەڵەبجە ، ژمارەی دانیشتوانی 1432 کەسە .
هێرۆ لە پشدەر ، ژمارەی دانیشتوانی 1092 کەسە .
هەڵشۆ لە پشدەر ، ژمارەی دانیشتوانی 1006 کەسە[4] .

هەروەها ئەڵێ :

( ... چەند ڕواڵەت و خەسڵەتی بیناسازی هەن بۆ دیاری کردنی ناوەندە شاریەکان ، لەوانە : بازاڕ ، شەقام ، قوتابخانە ، خەستەخانە ، پرۆژەی ئاوو کارەبا ، شارەوانی ( کەشارەوانی گرنگترین دەزگایانە ) ...

جا تەوێڵە لە ڕووی وەزیفەوە زیاتر وەزیفەیەکی بازرگانی هەیە .

پاشان ئەڵێ : بوونی پیشە و کارگە و دەزگای خزمەتگوزاری لەناوچەکەدا نیشانەی شاریەتی ، ئەو شوێنە زیاتر دەردەخات(5) .

دواجار ئەڵێ : یەکێ لەوهۆگرنگانەی کە هەندێ شوێنی کردووە بە شێوە شاری ، بریتییە : لە بازاڕ ، هەرچەندە هۆی تریش ڕۆڵیان بینیووە لەوگەشەکردنەدا ، وەك تەوێڵە و بیارە . تەوێڵە بەگەورەترین ناوەندی شێوە شاری دادەنرێت . هەقی خۆیەتی کە گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت بەلاّم ... لەباسی گەشەکردنیدا دەڵێ : شوێنکات ( موقع ) ی تەوێڵە ناگونجێ بۆ گەشەی شارێکی بازرگانی ... فاکتەری سیاسی کاریگەری هەیە لەسەری ، بۆ گەشەکردنی ... کەوابوو تەنها ڕاڤەیەك بۆگەشەی شاری ، ژمارەی دانیشتوانی یەتی (6) .

<u>دووەم / سنووری تەوێڵە :</u>

تەوێڵە لەگەڵ چەند گوند و لادێیەکدا هاو سنوورە . لەباشوورەوە ( سۆسەکان ) و ( پالانیا ) ، لەرۆژهەلاتەوە ( شۆشمێ ) و ( نەوسود ) ، لە باکوورەوە ( دزاوەر ) و ( هەورامانی تەخت ) ، لە رۆژئاواوە ( کەیمنە ) و ( بێدەرواس ) و ( هانە گەرمڵە ) و ( دەگاشێخان ) ، لەسێلاوە بە کوردستانی رۆژهەلات دەورەدراوە

تەوێڵە لەدامێنی سێ شاخی گەورەی (7) بەرامبەریەکدا خۆی وەك شارۆچکەیەکی قەشەنگ و دیمەنێکی نگین ، نومایش دەکات .خانووەکانی لەدامێنەوە بۆ کەمەری شاخەکان چین چین هەڵزناون و بەیناوبەین تولەڕێگەیەکی پێچاو پێچ لەیەکیان دەکاتەوە و کەلێنێکی پشوو ئامێزیان پێدەبەخشێ ...

لەنواڵەی نێوان ( ماڵێدەر و وەراوەر) ەوە بازاڕ درێژ دەبێتەوە تابەبەشی باشووری چلانەکۆتایی دێت .. بازارەکە لەناوەڕاستی هەرسێ بەشە کەدایە ، خانوو بەرەکان شێوەیەکی پەیژەیی یان وەرگرتووە ، لە زۆر شوێندا ، سەربانی یەکەم دەبێتە جۆرە حەوشەیەك بۆ خانووی دووەم ، زۆر لەشارەکانی ( بەدلیس ، ماردین ، پاوە ، ڕوان ، بێساران ... هتد ) دەچێت : ( عەلی سەیدۆ گەورانی ) ش هەروا ئەڵێ : ... خانووەکانی تەوێڵە چین چین چوون بەگژ شاخەکاندا (8) . مامۆستا ( شاکیر فەتتاح ) یش لەوەسفی شارۆچکەی تەوێڵەدا ئەڵێ : ... لەبەردەمی ئەم هەیوانەوە ، ( واتە : هەیوانی خانەقا ) ئەستێرك و سوڕکێکی جوانی ڕێك و پێك هەبوو ، دەوروپشتی بەتەلە بەردی تەخت و خشت تەنرابوو ، لەپێش ئەم سەکۆیەوە ، دە، پانزە ، دار عەرعەری سپی گەز بەرزی چوو بوون بەئاسماندا . ئەگەر ئێواران لەسەر ئەم ئەستێرك و سوڕکە دابنیشیت و تەماشای ئەو چەم و باخانەی خوارووی خانەقاکە بکەیت ، لەولایشەوە

سەیری خانووەکانی تەوێڵە بکەیت ، کە بەقەدشاخەکەدا هەڵچوو بوون ، لەگەڵ ئەم دار عەرعەرانەدا ، هەرچی خەم و خەفەت هەیە لەدڵتا نامێنێ [9] .

سێیەم / بەشەسەرەکیەکانی تەوێڵە :

پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کەسێ شاخی گەورە گەمارۆی تەوێڵەیان داوە ، هەر خۆشیان تەوێڵە دەکەن بەسێبەشی سەرەکی یەوە ... زۆربەی خانووەکانی دوو، یا، سێ نهۆمن [10] ، ئەمەش لەبەرهەر هۆیەك بێت ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە ، کە ڕووبەری خاکەکەی کەمە ، لەچاو زۆری دانیشتوانەکەیدا و ، ناوچەیەکی بەردەڵانە و زەویەکەی سەخت و زەحمەت و گیرە و سانادەست نادات بۆ خانووبەرە ... خانوو دروست کردن و باخ دانان بەردەوامە بەلاّم ڕەنج و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ ... دامێن تاقەد پاڵی ئەم شاخانە گەواڵەیەك خانوویان لەخۆگرتووە ، هەر بەشێکیشیان دەبێ بەچەند گەڕەکێکەوە ... بەشەکان ئەمانەن :

1/ مالێدەر :

گەورەترین بەشی تەوێڵەیە ، لەنێوان دووبەشەکەی تردایە ، ڕوو بەقیبلەیە و خۆرەتاوە ، لەوانیتر زەویەکەی لەبارترە ، جەمسەرەکانی گەیشتوونەتە هەردوو چەمی دزاوەر و ئاوێسەر . لەوانەشە دێرین ترین بەش بێت لە ڕووی ئاوەدان کردنەوە وە، چونکە وەك ئەڵێن :

هەر یانیو وەرش نەلونە

حەکیمیش زوو زوو ملونە[11]

کەواتە لەسەرەتاوە خانوو لەشوێنی خۆرەتاوەکەوە دروست دەکرێت .

سیمای ئەم بەشە ، جوانی چنینی خانووەکانی لەسەریەك ، بوونی مزگەوتی گەوەری شار لەدامێنیەوە و لووتکەی شاخێك لە باکووریەوە ، ڕستی چەند کەپر و دارمێو لەسەربانەکانەوە و قۆقزی کەمەری شاخەکە و چڕ و پڕی ئاوەدانییەکەی و شەماڵی بەرەبەیان و پەلکەزێڕینەی پاش بارانی سەر لوتکەکەی ، لەدیمەنە هەرە جوان و سیحراویەکانی دەڤەرەکەن .

بێجگە لە مزگەوتی گەورە ، مزگەوتی ( باساکا ) و ( بابائەسکەندەر ) یشی تیایە ، لەدوای ڕاپەڕینەوە ، خانووەکانی ئێرە ، لە شوێنەکانی تری ( چلانە و وەراوەر ) زیاتر ئاوەدان کراونەتەوە ... بەتایبەتی لەهەردووبەشی ( دەرەتفێ ) و ( خەمەکاوە ) دا .

گەڕەکەکانی ئەمانەن :

( باخچە میرا ، دەرەتفێ ، بانە گۆرە یا ( هاڵەکوکیا ) ، عەلی حاجی ، شاسوارا ، خەمەکاوە ، ماڕی حاجی تۆفیق ، ماڕی مامۆستا ، پەشتو بانا یا ( بابا ئەسکەندەر ) کوجیێن .

2/ چلانە :

چلانە دووەم بەشە لەگەورەیی و زۆری دانیشتوان و چڕ و پڕی خانوو پشکی تیشکی خۆر و ئاوەدانیدا
.

لەبارەی وشەکەیەوە ئەڵێن :

کاتێك بۆ یەکەمجار تەوێڵە ئاوەدان کراوەتەوە لە چلانەدا نیشتە جێبوون ، تا بوونەتە چل یانە وانە : چل ماڵ پاشان لەچل و یەکدا خانوو لە مالێدەردا کراوەتەوە ، مالێدەر واتە : ماڵ لەدەرەوەی ئێرە . یا مالەناوێك لەچلانەدا چووەتە دەرەوە .

بەڕێز مامۆستا عوسمان هەورامی لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە و ئەڵێ :

چلانە لە چل خانەوە هاتووە ، هەموو پیتێکی ( خ ) بووە بە ( هـ ) ، ( چل خانە ) بووە بە ( چل هانە ) پاشان ( هـ ) کە خوراوە بووە بە ( چلانە ) واتە لەچلەخانەوە هاتووە .

ماتابانی شەوانی پایز و ، قات قاتی خانووی نهۆم بەرز و ، ڕاستە ڕێی قەڵاَبۆزان بۆ کۆتایی هانە سوو سوو ، مزگەوتە خنجیلانەکانی ( کاك عەلی فەیرۆز ) و ( فەقێ ئەحمەد ) و ( قاپی شێخ ) یا ( حوجرەکەی مەلا نەزیر ) و قوتابخانەکەی ساڵی 1928 و قەیسەری و گەرماوە ڕەسەنەکەی ئێرە ، لە بەناوبانگترین شوێنە ئاماژەکانی چلانەن .

گەڕەکەکانیشی ئەمانەن :

دەمەرە سوورا ، سەفەر ، ئوسایا ، مەڵلاَیا ، تاشلاَ ، هەلاَوەگا ، سەردەگا ، قەلاَبوزان ، هانە سووسوو .

3/ وەراوەر :

نوێترین بەشە ، کەلەپاش دوو بەشەکەی تر ، ئاوەدان کرابێتەوە و ، بەرامبەرە بە چلانە و مالێدەر ، نسرمە و کەمترین پشکی خۆری بەرکەوتووە و سەخت و لێژە و خانووەکانی زیاتر یەك نهۆمن و نزیکەی سەد ساڵێك دەبێت ئاوەدان کراوەتەوە و ، ئەڵێن یەکەمجار ( حەسەن حەپۆل ) و ( سالەی حاجی صالح ) خانوویان تیا کردووەتەوە .

گەڕەکەکانیشی ئەمانەن : پشتی خانەقا ، پشتی شاجۆ ، یارە ، ماوەزا .

چوارەم / دانیشتوانی تەوێڵە :

بەپێی ئەو زانیاریانەی کەدەستمان کەوتوون ژمارەی دانیشتوانی تەوێڵە بەم شێوەیەیە :

* بەڕێز موحەمەد سان ئەحمەد ئەڵێ : یەکەم سەر ژمێری لەساڵی 1934 دا کرا ، ئەو سەرژمێریە گشتی بوو بۆ هەموو عێراق ، لەوکاتەدا فەرمانبەرێك کە حاجی ئاغایان پێ ئەوت لەسلێمانیەوە هات بۆ تەوێڵە و سەرژمێریەکەی کرد، ئێمە لەتەوێڵەدا زیاتر لە 500 ماڵ بووین ، کە ئەیکردە نزیکەی 2400 کەس .

* دکتۆر شاکر خەصباك ئەڵێ : ژمارەی دانیشتوانی تەوێڵە لەساڵی 1947 دا 2931 کەس بووە (12) .

* بەڕێز جەمال بابان ئەڵێ : ( 750 ) خانووە و ( 3248 ) کەسە (13)

* کاك ئادەم باسام ( کە کاتب نفوس ی تەوێڵەیە ) وتی : دانیشتوانی تەوێڵە لەکاتی ناونووسی 12/10/ 1957 دا بەپێی تۆماری ( ئەحوال مەدەنی ) ناحیەی بیارە 4380 کەس بووە .

* هەردوو بەڕێزان مامۆستا حسێن موحەمەد غەفور و مامۆستا عەزیز جەعفەر ئەڵێن : لە 17/ 10/ 1977دا کە سەرژمێری لەعێراقدا کرا ، هەردووکمان پێکەوە سەرپەرشتی سەرژمێریەکەمان کرد ، ژمارەی ماڵەکان ( 1613 ) ماڵ بوو کە ( 5273 ) کەسی دەکرد .

* بەپێی ئەو پرس و ڕاوێژەی کەلەگەڵ شارەزایانی سەرناسی شارۆچکەکەدا سازمان کردووە ، لەبەرهاری 1981 دا تەوێڵە 1850 خێزان و نزیکەی 7000 کەس بووە .

* ئەمساڵیش ( 2000 ) دەتوانین ، سەرژمێری تەوێڵە بەگشتی بەم شێوەیە بخەملێنین (14) .

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەناوخودی شارۆچکەی تەوێڵەدا | 680 ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 2720 کەس | |
| لەهەڵەبجەی شەهید | 330 ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 1320 کەس | |
| لەهەڵەبجەی تازە | 220 ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 880 کەس | |
| لەشاری سلێمانی | 1300 ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 5200 کەس | |
| لەشارەکانی تر | 300 | ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 1200 کەس |
| لەدەرەوەی عێراقیش | 250 | ماڵ هەیە کە ئەکاتە | 1000 کەس |
| کۆی گشتی : | 3080 | ماڵ کە ئەکاتە | 12,320 کەس |

<u>پێنجەم / ئاو و هەوای تەوێڵە :</u>

تەوێڵە هەروەك زۆربەی شوێنە جیاجیاکانی هەورامان و کوێستانەکانی کوردستان ، لە زستاندا ساردە و شێدارە ، بەفروبارانێکی زۆری لێدەبارێ بەگشتی هەر لەتشرینی دووەمەوە تا کۆتایی مارت ساردە و بەتایبەتیش لە نیوەی تشرینی دووەمەوە بۆ نەورۆز بەفرو باران درێژەی هەیە ... تاوەکو نیوەی مانگی ئایار باران هەر دەبارێ ... جاری وا هەیە ئەوەندە بەفر دەبارێ لەشەو و ڕۆژێکدا دووتا ، سێجار

سەربانەکان دەماڵرێن ، بەڵکو کووچە و کۆڵانـەکان پڕدەبنـەوە ، لەگـەڵ سـەربانەکاندا رێـك دەوەسـتن ... یاخود ڕێی سەیارە دەگیرێ و تەنانەت سەفەرکردن بۆ شوێنێکی نزیکی وەك ( بیارە ) ش دەبێتە ئەستەم و تا چەند رۆژێـك شـار بەپاوانـەی بـەفر تـابلۆ قـەدەدرێ ، وەك لەشـیعرێکی مـیرزا عەبـدولقادردا ئامـاژەی پێکراوە کە دواتر یاداشتی دەکەین (15) ...

بەهاری تەوێڵە لافاوو سێلاوی پێیە ... نرکە و ناڵـەی هـەوری لەگەڵدایـە ... گۆڤـەندی هـەڵتۆقینی قارچکی لەدڵدایە ... کژی وا هەیە چەمی ئاوێسەر و دزاوەر ئەکەونە شەپۆکانی شەپۆلی سێلاوێکی سـوور و لافاوێکی زەردەر ، وەك ئەو لافاوەی کە لەساڵی 1936 ، 1957 دا هەڵیکردووە کە دواتر لەسـەری دەوەستینەوە .

هەروەها ( هەرەسی بەفر ) یەکێکیترە لەدیاردە سروشتیەکانی ئەم دەڤەرە ، بەتایبەت لە ( هانـە کلـە و دەرەتاریك و خەڵەفی و ... ) دا جاری وا هەبووە زیانی زۆری داوە لـە داروردەختـی باخـەکان و تووشـی شکانەوە و لەرەگەوە دەرهاتنی کردوون .

لەگەمە و گەپەکانی نێو ئاپۆرای بەفری جوان و نارای سپی شـاردا چـەندین دیـاردەی سـەرنج ڕاکێـشی هەیە لەوانە : شەڕە تۆپەڵ ، شێرە بەفرینە ، خلیسکێنە ، وێنەگرتن لەگەڵ کڵوە باریوەکاندا و ... هتد

هەورەها لە هەندێك شوێنی تەواو سارد و پتەودا دیاردەی چاڵە بەفر خەسڵەتی هێشتنەوەی بـەفری لـە ئەستۆ بووە بۆ ناوەڕاستی هاوین و فرۆشتنەوەی لەبازاڕدا ... ئەم ساردی و سەرمایەی تەوێڵە وای کـردووە مـەگەر هەر زۆپـای دار ، ورەبـەگیان ببەخـشێ و دڵ خـۆش بکـات ، هـەر بۆیـە زۆربـەی ماڵـەکان تـا ئـەم دواییەش زۆپای بەگرمە و ناڵەی داریان بەکار ئەهێنا ، چونکە ، هەم دار زۆرە و هەم هەرزانیشە .

بەهاری تەوێڵە باراناوییە و مانگی یەکەمی زۆر دەبارێـت . خـەڵکی ئـەم ناوچـەیە زۆرتـر لـە مـانگی دووەمیدا بـۆ گەشـت و گـەڕان و سـەیران و سـەفا دەکەونـە ئـەو کـەژ و کێـوە ڕازاوانـەی کـە دەوروبـەری شارۆچکەکەیان کردووە بە فەرشێکی سەوزی بەهارین . چـەمی ئاوێـسەر پـشکی شـێری بەرئەکـەوێت لـەم گەشت و گەڕانەدا ... ئەم دەربڕینە بۆ ڕەز و باخەکانیش بە پلەی دووەم هەر ڕاستە .

هاوینیشی زۆر گەرم نیيە و تیشکی خۆر دانیـشتوانەکەی بێـزار ناکـات ، بەتایبـەت ئەوانـەی کـە بـۆ سەروکاری باخ و باخاتیان خۆیان تەرخان ئەکەن هەر زۆر بە خۆشی هاوینیان لێ ئەڕوا تەنانەت ئەوانەیـشی کەلەوێـدا ئەمێننـەوە نـا پێویـستن بەپانکـە و کەرەسـتەی فێنککـەرەوە ... چـونکە تەوێڵـە لـەنێوان سـێ شاخدایە ، کەمتر هەتاو دەیگرێتەوە و بەیانیان درەنگ هەڵدێ و مەگەر لەچێشتەنگاو بداتـە نـاو بـازاڕ (16) ... پایزانیشی پڕ لە سیحری جوانی و بۆنی گەڵا و خەزانی دار و پێگەیشتنی بـەری هـەرە دیـارترین درەختی هەورامانە ، کـە گـوێزە . لـەمانگی یەکەمیـدا ئـاوو هـەوا فێنکـە و سـەرەتای کـاروانی سـارد و سەرمای درێژ دەگاتە جێ . ئەگەر لەشوێنانی تر وەرزەکـانی سـاڵ دوانیـان زاڵـن بەسـەر تەمـەنی سـاڵدا و

زۆرترینی مانگەکان بۆ خۆیان ڕام ئەکەن کە ئەوانیش هەردوو وەرزی هاوین و زستانن و بەهار ئەبێتە پاشکۆی هاوین و پایزیش زستان قووتی دەدات ... ئەوا لەم شارۆچکە خنجیلانەشدا وەرزەکان ، دوانیان زیاتر زاڵ و دیارن ، بەلاّم کام دووان ؟ یەکەم : زستان پایزیشی لەگەڵدایە .

دووەم : بەهار کەپشکی هاوینیشی بۆ خۆی بردووە و لەم دەڤەرە هاوینیش هەر ئەڵێی بەهارە .

چاڵە بەفرەکان

چاڵە بەفربەوە ئەوترێت : کە شوێنێکی گونجا و دەدۆزرێتەوە و دەستکاری دەکرێ تا زیاتر لەباربێت بۆ مانەوەی بەفرەکە لەشێوەی چاڵێکی قووڵدا و پڕدەکرێتەوە لە بەفر و کەمێك دەپەستێنرێتەوە و پاشان بە ( کا ) و ( خوێ ) و ( گەلاّی دار بەڕوو ) دایدە پۆشن و لە وەرزی هاویندا بەکۆڵ یا بە ولاّخ دەیهێننەوە بۆ ناو بازاڕ و دەیفرۆشن .

لەگرنگترینی ئەو چاڵە بەفرانەش ئەمانەن :

1) یارەی مەحمود ئاغا ، لەپشتی وەراوەرەوە بووە .

2) کەریم خادم ، لەپشتی خانووەکەی وەستا ئەمینەوە لە قەلاّ بۆزان بووە .

3) عەبدولاّی هەیبە کر ، لەپشتی دەرە تفێ .

4) ئایزەی حەبیب لەدەرە تاریك .

5) حاجی فەرەج لە باخەکەی خۆیدا ، لە چەمی ئاوێسەر ، لەشانەزەرا .

6) عەلی کەریم حەمە سەعید ، لەوەراوەر لەپشتی خانووەکەی خۆیدا .

7) ئەسکەندەری سانە ، لە چەمی ئاوێسەر لە هانە کڵە لە ساڵی حەفتاکانیش هەبوو .

8) حاجی موحەمەد ( حەمە مەجە ) ، لە زەمینی هەیاس لەساڵی 1968 دروستی کرد تا ساڵی 1981 هەر دایدەگرت کە ئەمە تازەترین چاڵە بەفر بوو .

شەشەم / سەرچاوەی ئاوی تەوێڵە :

ئاوی ئەم دەڤەرە ڕەنگینە ، بێجگە لە باران و بەفر و تەرزە ، پێك هاتووە لە کانی و کارێزەکانی ... بێگومان کانیش بەو ئاوە زولاڵ و ڕوون و پاکە ئەڵێن کەلەزەوییەوە بەڕێگای سروشتی خۆی هەڵئەقوڵێ ...

کانیش مەرج نیە رووبارێك بداتە پێش خۆی ، بەڵکو ئەشێ کانی ناو دێ دەوری سەنتەری شارببینێ وەك ( پلوور ) ی تەوێڵە ، یا دەشێ ئاوێنەی دڵگیری دەڤەرەکە و کرانەوەی هەست و هۆش و سروور بونی دڵ بگەیەنێت ، وەك ( گۆران ) ی شاعیر ئەڵێ :

کانییەکی ڕوونی بەرتیفەی مانگەشەو

لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو
جوانترە لەلای من لەدەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتەبەر تیشکی رۆژ شلّپ و هور

کانی ، یەکێکە لە هۆکارەکانی نیشتەجێبوون ، زۆربەی گوند و شارەکانی کوردستان ، لە دەوری ( کانی ) یەکاندا گرد بوونەتەوە و پاشان گەشەیان کردووە و بوون بە گوند یا دێ یان شار .

هەموو دیاردە سروشتییەکان دوو دیون ، دوورەهەندن ، ( کانی ) ش بەهەمان شێوە چەند جوانە ، چەند بەسوودە ، بێزیان نییە ، بەڵکو کانییەکانی کوردستان لەگەڵ بوونی سوودەکەیاندا لە رووی سیاسییەوە هۆکارێك بوون بۆ پەرت پەرت بوونی کورد و دروست نەبوونی شاری گەورە .

بەشێوازی هەورامی بە ( کانی ) دەوترێت : ( هانە ) جا ئەگەر وردبینەوە لە ناوی گوند و دێهاتەکانی هەورامان ئەبینین ( کانی ) ئەوەندە کایەیەکی گرنگ بووە لە ناوچەکەدا تەنانەت بووەتە تایتڵ و ناونیشانی زۆرێك لەو گوندانە کە ئەویش رۆڵی کاریگەری کانی دەرئەخات لەبوارەکانی ژیانی ئەو گوند و ناوچانەدا وەك : ( هانە گەرمڵە ، هانەی دن ، هانە سوورە ، هانە نەوتی ... هتد )

ئەم تێبینییە نەك هەر لەهەوراماندا بەڵکو لەبەشەکانی تری کوردستانیشدا هەیە وەك :
( کانی مانگا ، کانی ماسی ، کانی وەتمان ، کانی ماران ... هتد )[17].

* * *

کانییەکانی تەوێڵە لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە جوانی دیمەنی سروشتی ناوچەکە پێك ئەهێنن ، سازگارن ، پاکن ، روونن ، زولاڵن ، بەتایبەت ئاوی ئاوێسەر هەر سکەریشە ( هازمەیشە ) واتە : باتێریش بیت کە چوویتە سەرچەمی ئاوێسەر ولێت خواردەوە ، پاش ماوەیەك هەست بە برسیەتی ئەکەیت [18].

بێگومان یەکگرتنی کانی و کارێزەکان لێرە و لەوێ دەبنە هۆی دروست بوونی چەم ، لەتەوێڵەش هەروایە . وەك ( چەمی ئاوێسەر ، چەمی دزاوەر ) ئەم دووانەش لەناوەراستی تەوێڵەدا بەیەك دەگەن و لەگەڵ کانییەکانی خوار تەوێڵەدا ( چەمی خواروو ـ دەرەی دارین ) کەبەچەمی گەریات بەناوبانگە پێك ئەهێنن .

* * *

دەتوانین ئەم کانیانەی ناوچەی تەوێڵە بەپێی شوێنەکانیان بکەین بەچوار بەشەوە :
کانییەکانی چەمی ئاوێسەر :
ـ هانە چەمە ـ هانە دیوا ــ هانۆ بنۆوەزی ــ هانۆلاسی ــ هانە هەڵۆچە ( هانۆ شیخی ) ــ هانۆدەشتیلی ــ هانە کڵە ڕیزینە

ــ هانە کڵە ( هانۆ ئیبراهیم زەڕین ) ــ هانۆ سێمارەواری ( زەمیە ) ــ هانۆ ماوامی ( سەرچەمە ) ــ هانۆ ئایزە بارامی ــ هانۆ شەکەری ــ هانۆ لیژڵەی ـ هانە کلۆ عەبولەو قادری ــ هانۆ دەرەتاریکی ــ هانۆ ڕەحمانی ( کەمەر سپی ) .

کانییەکانی چەمی دزاوەر :

چەمی دزاوەر لەکانی یەکانی ( چەمی هامنۆ و چەمی مەڕێ ) پێکهاتوون کەلە دزاوەردا دەبنەوە بەیەك و دێتە خاکی تەوێڵەوە ئەم کانیانەیش لەخاکی تەویڵەوە دەڕژێنە ناویەوە :

ــ هانە ملکشا . ــ هانە کلۆ سەعەی . ــ هانە مالمین ( هانۆ شێخ شابەدینی ) .ــ هانە قالاْوا[19] .

3/ کانی یەکانی خودی ناو ئاوایی :

ــ هانە سوسو . ــ هانۆ قادر بەگی ( کارێز و باخچە میرای ) . ــ هانۆ مەڵلاْیا . ــ هانۆ بازاری. ــ هانۆ پلووری .ــ هانە دلین .ــ هانۆ خالەکەی . ــ هانۆ ماوەزای .ــ هانۆ هالی سەفانای . ــ هانۆ خانەقای . ــ هانۆ باخچە و مەرقەدی .4/ کانییەکانی چەمی خواروو ( گەریات ) :

ــ هانۆ ویسورەی .ــ هانۆ وەزلیی .ــ هانۆ صۆفی حانەی .ــ هانۆ عەلی . ــ هانە قالاْ وا .ــ هانە وەیسە . ــ هانۆ حاجی بەشارەتی .ــ هانۆ سەلاْحەی ( شەتنێ ) .ــ هانۆ کافە کولی .ــ هانۆ وێشەی .ــ هانە وحسەی . ــ هانۆ حەمە یوسوی .ــ هانۆ بێدەریی .ــ هانە و قالە و مەجنونی .ــ هانە و ئەحمەد ڕەواسی .ــ هانە و هەسار و صۆفی .ــ هانۆ مەڵلاْ جەمالی .ــ هانۆ چلە خانەی . ــ هانە و ئاساوگای .ــ هانە و هەسار و حەمە سەلیمی .ــ هانە و مەڵلاْ صادقی .ــ هانە و وەلی .ــ هانە و حاجی بابا لەی .ــ هانە و سەعلەی .ــ هانە و حەمە دەوشەی .ــ هانە و حەمە حەسەن و خاتوونی .ــ هانە و ئەولەحەی .ــ هانە و خالانی لەدەرەقازان و هەورەها چەند کانیەکیتریش [20]

حەوتەم / جێ شوێنەکانی تەوێڵە :

تەوێڵە بەگشتی [21] لەسێ چیای بەرز و سێچەم و بەشە باخ پێکهاتووە ، ئەشتوانین ناوی ئەم شاخ و دۆڵ و ملە و نواڵە و گرد و قەلاْ و جێ شوێنانە لەناو ئەلبومی سروشتی ڕازاوە و دلڕفێنی ئەم ناوچەیەدا یاداشت بکەین :

1ــ کەمەر :

( کەمەر و شتر لە ... کەمەر بەڕەزا ... کەمەر عارەبە ... کەمەر سپی ... کەمەر و سێوەی ... کەمەر خەڕاتە ... کەمەر کولیری )

2ــ قەلاْ :

( قەلاْی باجگیرا ... قەلاْی گاورا ... قەلاْی میرزا ... قەلاْی گویج ... قەلاْی مسێن ... قەلاْی سۆفی جانە ... قەلاْی هەسەن ... )

3ـ ملەگا :

( ملەگای وەچە کلاّ ... ملە گای‌تەی ... ملەگای سونیّ ... ملەگای بینجە )

4 ـ جیّ شوێنەکانیتر ، بەگوێرەی نزیکیان لەیەکەوە :

( بلچە دۆڵە ... گەرمە دۆڵە ... شینگە دۆڵە ... دۆڵ و زەباری ... زەمین و هەیاسی ... لاسە و خەزانی ... دەرەتاریك ... سەرچاڵ ... تەوەنیّ ... سەرتەلاّن ... تاشا حسێنەشەلی ... گوزیندار ... سەیمارەوار ... لیژڵە ... ماوامی ... دەشتیلی ... قوڵە ... جامباز ... دەم و شێنای ... خەڵەفی ... ویسوورە ... وەزلّیە ... خڕوکاوی )

( دەرەقازان ... وەزە زەردە ... بێدەری ... قاقوڵی ... دەرەگای بیلا ...نسارە ... دەرەی بەڵخ ... ئاساوگا ... گەڕیات ... شەتنیّ ... حاجی بەشارەت ... ڕەزی صۆفی )

( دەرەی تەرتیبا ... تەختەی وارە ... ملّکشا )

( سەرکەل ... دەرەتفیّ ... پێشێرە ... شەمبانوو ... دەرزینکا ... ڕاسا یاری ... باخەوان ... وەزە سوور ... وەرەوی ..

5ـ هەندێك لەجیّ شوێنی نزیك بەتەوێڵە : کە لەخاکی ئێراندان بەلاّم تەوێڵەیی سەردانیان دەکەن بەمەبەستی سەیران و ڕاووگەشت و گوزار " وەك :

(( هامنۆ ... مەرە ... دالاّنی ... بزازەرا ... گمالّیّ ... کاوێنا ... کویلە ... هانۆڕیزا ... کەما جەر ... دوختانی خان .... مرۆی کرۆبانگا ... خوڕ خوڕە ... هەیات ... مارانی ... گلّو ۆ هەنگی ... حەوت کەشا ... هەزارانی ... سلۆر ... هانە شیروانی ... هانە مرۆ ، هانۆ خانی ... نەڵکمین ... دەرەقوڵ ... هانە سوارا ... هەوارە خوڵینە ... نوەیجەڕ ... پلورە چەرمی ... هانۆ قاژا.. هانە سیاو ... کەلەبەری دالاّ ... هانە کلّەی میری ... هانە قوڵە ... هانە دوانە ...

پاری دووەم : مێژووی تەوێڵە

یەکەم: سەردانێك بۆ تەوێڵە

لەکاتێکدا لەهەورامانداّ، بەرەو شارۆچکەی شیرین‌و جوانی پڕلە نیگای سیحرو کریشمەی تەوێڵە دەکشێین، لە تەوێڵەییەکان دەبیستین‌و لەسروشتی جوانی ناوچەکەش دەبینین.. رازی پڕ لەوەفای خاك‌و گەشتی چەمەن‌و لرفەی نواڵەو دۆڵی بەهاران‌و ئەفسوونی دیمەن‌و کەروێشکەی چیمەن دەگێڕنەوە.

هەر لەدامێنی شارەوە (بیّ دەری) بە سیاچەمانە خۆشهاتن لەرێبوار دەکات،و چلاّوچلّی باخەکانی ئەمبەرو ئەوبەری چەمی خوارو بەخوانی پڕ لەچێژو تامی میوە مەزەدارەکانییەوە بە گەڕیات‌و (دەروێش دادا) دا

سلاو و بەخێرهاتن درێژەی هەیە تا بەدەنگی کەبارەی خانەقاو شوێنگای پیرانی تەریقەتو پیاوچاکانی هەورامان ئاشنا دەبیت، و نەخشبەندی (نەقشبەندییەکان) هەڵەفەیەك لەمێژووی چرابەدەستانی ڕێ رۆشنکەرەوەی دەڤەرەکەت پێدەناسێنن،و پاشان ئەگەر بەچلانەدا هەڵگەڕێیت، ئەوا ئاپۆرایەك لەکوچەو کۆڵان بە(قەڵا بۆزان)ت دەگەیەنن. لە(هانا سوسو)ەوە بە (دەرتفێ) و (مالێدەر)ت دەسپێرن. بەسەرکەل دا گەشتێکی بەرزو هەوایەکی پاكو خوانی گەورەی شارت پێشکەش دەکەن.

ئەگەر بەردەوام ببیتو لەمزگەوتی باساکان ئیزن بخوازیتو چەقی (دزاوەر) بەسەر بکەیتەوە، (دەرێی تەرتیبا) ببینیت ئەوجا شوێنەواری ژیارو کۆنەهەواری شارێك بەدی دەکەیت... خۆئەگەر لەدەستی ئەولاشەوە بگەڕێیتەوە، ئەوا چاوت بەچەمی جوانی (ئاوێسەر) ڕوون دەکەیتەوەو لە (باخەوان) وچانێك لە (لێژڵە) سەرخەوێكو لە (ماوامی) چایەك بنۆشیت، ئەوکات شیرینیو نازداری ئەو باخو باخاتە جوانە دەست پێدەکەیت.

دووەم: ناوی تەوێڵە

لەمێژووی نوێی هەوراماندا، تەوێڵە هەر بەناوی خۆیەوە ناسراوە، بەڵام لەمێژووی نەنوسراوی دێرینی ئەم ناوچەیەدا، چەندان رازو نهێنی لەپشتە، یانی ئەم ناوەی کە هەیە هەریەکەیان بەکۆمەڵێك بەڵگە پاڵپشت بۆخۆی دروست دەکاتو دەیەوێت مافی رەسەنو گیانی مانەوە بەخۆی ببەخشێت... ئێمەش ئەوەندە کۆشاوین کە زۆرترین ئەو ڕاجیاوازانە بهێنین کە سەبارەت بەناوی ئەم شارۆچکەیە هاتوون، ئەمانەن:

1-دەگێڕنەوە لەدێرزەمانداو لەناوچەیەکدا پیاوێکی زۆردارو ستەمکار دەبێت کە جەورێکی زۆر لەخەڵکەکە دەکاتو باجو خەراجێکی زۆر لەسەر خەڵکەکە دادەنێت، ستەم مل نەوی دەکات. بەڵام مەرج نییە ئیرادە لەگشت خەڵك بسەنێتەوە، هەربۆیە چەند کەسێك دەبنە دەنگی نەخێر لەبەردەم فەرمانەکەدا، ئەویش مۆڵەتیان بۆ دەستنیشان دەکات کە باجی خۆیان تەسلیم بە پیاوانی دەربار بکەن، ئەمانیش بەناچاری لەنێوان باجی پەرستەمو رەودا دووەم هەڵدەبژێرن. پێش بەپایان گەیشتنی مۆڵەتەکەیان، هەڵدێنو دەگەنە ئەم ناوچەیەو لەوێ نیشتەجێ دەبنو دەست دەکەن بەئاوەدانکردنەوەی. وادەگێڕنەوە ئەوانەی کە هەڵهاتوون ژمارەیان (10) کەس بوون، دەوێڵ بوون، بۆیە بە (دەوێڵە) بەناوبانگ دەبن. پاش گۆڕانکاریو کاریگەری زەمەن بەسەر زمانەوە، (دەوێڵە) بۆتە (تەوێڵە).

2-رایەکیتر هەیە کە پێی وایە ئەم ناوە لە(تایلە)وە هاتووە. کە درەختێکە لەتەوێڵە هەیەو بەرەکەی لە (قەزوان) گەورەترو لە گوێژ بچوکترەو تامی تورتو خۆشەو دەخورێت. گوایە کە نەخۆشی (تاعون) بلاوبۆتەوە لەهەوراماندا، خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەم بەرەیان خواردووەو ئیتر نەمردوون، لەئەنجامدا خەڵکیتر بە (تایلەیی) ئاماژەیان بۆ کردوون. پاشان لەئەنجامی گۆڕاندا، تایلە بۆتە تەوێڵە.

3-کاتێك کە سوپای ئیسلام لە چەمی (هاوار)و (پالانیاو) و (سۆسەکان)ەوە دێتە تەوێڵە، سەیر دەکەن ئەم نواڵەیە، دۆڵێکی زۆر درێژەو بەزمانی خۆیان دەڵێن (هژا وادی گویل)یان یان (هژا مر گویل). سەرچاوەش هەیە کە نزیکە لەم ناوەرۆکەوەو دەڵێت (تەوێڵە دەکەوێتە سەر دەرگاوانەیەك لەسەرشاخی هەورامان، کە بەدەربەند تەوێڵە ناسراوە –مر گویلە10). کەسی تریش هەیە کە پشتگیری ئەم رایە دەکات11.

4-خەڵکی لەسەرەتادا کە لەم شوێنەدا نیشتەجێ بوون، بەدوای باشترین شوێندا گەڕاون کە خۆرنەوەزانو نسرم نەبێت، بەڵکو ڕووی لەخۆرو بەرزو دڵگیر بێت. لەلایەکی تریشەوە نزیکە سەرچاوەی ئاوبێت.

جا لەو روانگەیەوە یەکەمجار (مالێدەر) ئاوەدان کراوەتەوە، جا ئەگەر لەلای (گەڕیات) و خانەقاوە بنوارێت بۆ ئاواییەکە، ئەوا دەڵێی خانووەکان ئەوەتان بەتەوێڵی شاخەکەوە.

لە کتێبی (ئەحمەدی)دا هاتووە:

(جبین) و (جبهە) تەوێڵە12

(مکر) و (کید) و (حیلە) فێڵە13

ئەوانەی پشتگیری ئەم رایە دەکەن، دەڵێن:زۆر شوێنیتری تەوێڵە هەیە بەهەمان شێوە ناونراون. وەك:

ا-کەمەر وشتر لە: شاخێکە لەپشتی حوشتر دەچێت.

ب- کەمەر کولێرە: شاخێکە تاوێرەبەردەکانی بەشاندا کەوتوون وەك کولێرە.

ج- ئاوێسەر: ئاوێکە زۆرە کە لەدامێنی کەژی سپییەوە هەڵدەقوڵێ و کەوتۆتەبەشی سەرەوەی باخەکانی تەوێڵە.

د- وەداوەر: واتا بەرامبەر، کە بەشێکە لەتەوێڵەو بەرامبەر مالێدەرو چلانەیە.

هـ- قەڵامیرزا: کە بەرزترین لوتکەی شاخی تەوێڵەیە. لەوانەیە لەدێرزەمانـدا قـەڵای پێوەبووبێـتو وەکـو جارانی گوند چۆن میرزا واتا خوێندەوار، مەکتەبلی یەك هەبووبێت، هەموو کەس ناسیویەتیو دیـار بـووە. بەهەمان شێوە ئەمیش گەلێك لەبەرچاوە[14].

---

[10]–*طة باقر و فواد سفر: مواطن الاثار و الحضارة. مجلة المرشد. الرحله 6. ص 21.*

11– ***بۆ نمونە کاك محەمەدی سان ئەحمەد دەیوت: میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیش وتویەتی: تەوێڵە لەدەربەند تەوێڵە ناسراوە.***

[12]– ***تەوێڵ: ناوچەوان.***

[13]– ***جەمال بابان: احوال اسماء المدن و المواقع الاجغرافیة. جلد 1. ص 49.***

[14]– ***رایەکی تریش هەیە دەڵێت قەڵامیرزا بەناوی قازمیرزا برای تەهماشب شاوە ناونراوە، کە لەکاتی پەنابەرو خۆڵاداندا بۆشەرو خۆپاراستن لەم ناوچەیەدا.***

و- قووڵە: بەشێکە لەباخەکانی چەمی ئاوێسەر کە لە ڕووی ئاستی نیشتەجێبوونی دەوروبەریانەوە، لەوان قوڵتر دێتەبەرچاو.

ز- شاجۆ: شای جۆگەکانی تەوێڵەیە, چونکە لەوان پانترو قوڵترو درێژترە.

هەروەها ئەم ناولێنانە لەسەربنەمای لێکچوون، بۆ زۆر شوێنیتریش هەرراستە. وەکو ماوەزا[15]،ماوامی[16]، لێژڵە[17]، چلانە[18].

وەڵامێکی پێویست بەم ڕایانە:

پاش تاوتوێکردنی ئەو ڕایانەی کەلەسەر ناوی تەوێڵە خستمانەڕوو، پێویست دەکات ئەم چەند تێبینیە ڕەچاو بکەین، کە هەربەهەمان زنجیرە بەندی ڕاکان تێبینیەکانیشتان دەخەینەپێش چاو:

1-ئەم بەسەرهاتە زیاتر لەحەکایەت دەچێت، تا واقیعییەتی مێژوویی، وەك لەشوێنەوارەکاندا دەردەکەوێت مێژووی تەوێڵە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە. پاشان ئەگەر بەڕستەیەك نەریی بکەین، چ بەڵگەیەك داکۆکی لێدەکات؟. ئەم مێژووی (وێڵ بوون)ە ئەگەر مێژوو بێت، مێژوو بەناو و بەروارەوە مێژووە، دەفتەرو دیرۆکی ئەم بەروارو ناوە لای کێ پارێزراوە. سەردەم کام سەردەمەو پاشا کام پاشایەو وڵات کام وڵاتە؟. هەرچەندە ئەگەر ئەم دوو خاڵەی تێدابووایە، زیاتر لە ئەقڵەوە نزیك دەبوو.

2- خەڵكو خوا هەبوونو ئینجا ئەم تاعوونە بڵاوبۆوە، مێژووی بڵاوبونەوەی تاعون لەتەوێڵەو دەوروبەری زۆر کۆن نییە، ئەگەر ئەم ناوەش پاش تاعوون بووە، ئەی پێش بڵاوبوونەوەی تاعونەکە ناوی چی بووە؟!.

3-ئەو پرسیارەی بۆ دووەم خاڵ کردمان، بۆ سێیەمیش هەر راستە. سەرەرای هەڵەیەکی ڕێزمانی، لەسێنتاکسی رستەدا هەیە. (وادی) (مر) لەعەرەبیدا (مژکر)، بەڵام (گویلە) کراوە بە (مونپ). بێجگە لەڕای زارەکی، هیچ سەرچاوەیەك نییە پشتگیری لەوە بکات کە سوپای ئیسلام هاتبێتە تەوێڵە، بەڵکو ئەوەی هەیە زیاتر باس لەشارەزوور دەکات.

لەبەرئەو چەند تێبینییە، ئێمە ڕای چوارەمان پێ‌پەسەندترە. هەرچەندە ئەویش ئەگەر زۆر ورد بکرێتەوە، دەشێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

سێیەم: شوێنەوارەکان مێژوو دەگێڕنەوە

[15]– ***ماوەزا: واتا مەئوا و وەزا، واتا شوێنگای گوێز. مەڵبەندی گوێز.***

[16]–***ماوامی: مەئوا وا ما، واتا شوێنگای بادام.***

[17]– ***لێژڵە: لەبەر لێژی شوێنەکە ئەوناوەی لێنراوە.***

[18]–***چلانە: چل و یانە، واتا چل خانوو.***

خاك‌و ئاوی ئەم نیشتمانە، کتێبێکی بێ‌دەنگ‌و مێژوویەکی سیحراوییە. بۆ چەندین سەدە بەرلەئێستا (ئەگەر زمانێکی هاوبەش هەبووە لەنێوان خاك‌و ئێمەی خاکی‌و خەڵکدا.. ئەوکات لەغوبارێکی مێژوویەکی دوور... کاروانێکی سەرەتایەکی تەماوی.. پنتکێك بۆ یەکەمینەکانی ژیان لەم ناوچەیەدا ڕزگارمان دەبوو، ئاسان‌و ڕاستتر دەمانتوانی لەم دیرۆکە بدوێین، زمانمان سادەترو لەهەقیقەتەوە نزیکتر دەبوو، چونکە ئەوەی مێژوو دەنوسێتەوە، لەئاستەنگ نزیك دەبێتەوە..

شوێنەوار دەخوێنێتەوە.. مشتومالی ڕابردوو دەکات‌و لەپاش ماڵەکان ڕامان دەچنێتەوە، سەرنجەکانی ئەو ساتی ڕامانەیە دەبێتە گریمانەی مێژوو، خاڵی بەسەرتاهاتنی زەمانی ئەو دیرۆکە. لەوەشدا ئاسان نییە بوونی شوێنەوارێك بکەیتە بەڵگەیەکی ڕوون، یان گەورەی سەردەمێکی دیاریکراو. چونکە ئەوەی لەبەردەستدایە، بەشێکە نەك هەموو. پارچەیەکە لەشوێن، نەك ساتێك بێت لەزەمەن، بەهەموو جۆرێکیش کاری تێکراوەو دەشێت لەتوانایدا نەبێت حاڵەتێکمان بۆ وەسف بکات کە تیایدا دروستکراوە. یان زەمانێکمان بۆ بگێڕێتەوە کە پێیدا گوزەراوە.

هەرچەندە تێپەڕبوونی زەمەن، چاوی ئێمە لەتەڵخی نزیك‌و لەڕوونی دوور دەخاتەوە، چاوی ئەو شوێنەوارەشی بۆ بینینی چەرخی خۆی لەبینایی ئێمەوە ئەوەندە بەلێڵی پیشان دەدات.. بەڵام بەهەموو ئەم تێبینیانەشەوە شوێنەوار هەر ئاوێنەیەکی نیشاندانی مێژووە. ئاوێنەکە چ ڕوون بێت، چ لێڵ بێت چ شکاو. هەربۆیە ئەگەر بێت‌و چاوێکی بەچەمی (دزاوەر)و (دەرێی تەرتیبا)و (لێژڵە)و (ماوامی) دا بگێڕین، کۆمەڵە شوێنەوارێك دەبینین کە مێژووی ئاوەدانکردنەوەی ئەم شوێنە دەگێڕنەوە بۆ پێش ئیسلام. وەك: ئەو گۆڕانەی کە گوزارشت لەمێژووی بەخاکسپاردنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەکەن، کە لەو دەمانەدا ژیاون‌و وەك دابی بەگۆڕسپاردنی ئەو سەردەمە لەشوێنە جیاوازەکانیتری کوردستاندا، ئەمێستا ئیسقانەکانیان مێژوو دەگێڕنەوە کە بەرامبەرە بە سەدەی سێیەمی زایینی‌داو دەکاتە سەرەتای مێژووی ساسانییەکان[19].

(دەرەی تەرتیبا) ئەوەندە شوێنەواری تیادا دۆزراوەتەوە، کە داکۆکی لەدێرینبوونی خۆی دەکات.. هەروەها بوونی چەندەها (جەڕەو کوپە) و دیوار لەناوچەکانی (لێژڵە)و (ماوامی) و (وەزەسور) و (باخەوان) دا بەڵگەن لەسەر دێرینی شوێنەکە.. لەهەفتاکانداو دواتریش لەنەوەدەکاندا، خەڵکی تەوێڵە زۆر خەریکی هەڵکەندنی ئەو شوێنە بوون. چەندەها (جەڕەو کوپەو دیزەو ئیسقانی مردوو)یان دۆزیوەتەوە، لەباخەکەی (وەستا محەمەدی حاجی حەمە ڕەحیم) شوێنێك دۆزراوەتەوە، وەك ژوور وایە کەسێك سەردانی بکات دیارە.

[19]— *گۆڤاری هەزارمێرد:*

(وەستا سادق غەندی) وتی: لە(باخەوان) لەباخەکەی دەروێش محێندیندا لەگەڵ میرزای ئەولادا بەشوێن پاشماوەی کۆندا دەگەڕاین، دوو سکڵ، پاوانەیەك، دوو مورو دەسکی شمشێرێکمان دۆزییەوە، کە ئاسنەکەی ڕزی بوو. هەندێکیانم دا بە (سابیرە فەندی سلێمانی). دواتر هەواڵم پرسی، فەوتاندبوونی.

هەروەها وتی: لە (لێژلە)، کوپەی زۆرمان دۆزییەوە کە ئیسقانو کەللەسەری تیادابوو. مامۆستا (فەخرەدینی حاجی سەلیم) سەبارەت بەشوێنەوار لەناو خودی تەوێڵەدا دەڵێت:

لە (دەرەتفێ) لەژێر دارگوێزو دارتووەکاندا، کاتێك باخمان تازەکردەوە دیوارێکی کە بەقسڵ دروست کرابوو. هەروەها دەڵێت: من منداڵ بووم، یارمەتی تازەکردنەوەی خانووەکەی (محەمەدی نادر کۆزاد)مان دا، کە ڕووخابوو. تا سێ مەتر بناغەیان هەڵکەند، هەر گڵی ڕەش بوو. دوایی چەند گونجێکی کڵدراو دۆزرانەوە کە درێژی هەریەکەیان، (80)سم بوو. وە ئەستوریشیان (20)سم بوو. واتا تیرەکانیان (20)سم بوو. لە (بێدەری) و (دەرەی بەڵخ)و (حاجی بەشارەت) مرۆڤ گومانی ئەوە دەبات کە لەسەردەمێکی دێریندا ئەو ناوە دێی بچوك بچوك بووبن، یان بوونی قەڵای گاوران سوسەی شارستانییەتێك دەردەخات کە درێژەی ئەو ژیارە ڕوون نییە کە چۆنو کەی بووە.؟

ئەگین پێشینیانو پیاوانی ریشچەرمووی ئێستاش دەڵێن:"لەویستورەوە ئاو براوە بۆ قەڵای گاوران، کە دوو شاخی بەرامبەر یەکن. ئیتر چۆن براوە، نازانرێت.!

بە بۆشاییدا ئەو ئاوەیان پەڕاندۆتەوە، یان بە بۆریو ئەرزدا بووە یان بەچ میکانیزمێك بووە دیار نییە. یان وشەی قەڵای گاوران خۆی هەڵگری پرسیارێك نییە؟ ئایا ئەم ناوە بۆچی؟ لەچییەوە هاتووە.؟

بوونی ئەو شوێنەوارانە چ لەدەوروبەری تەوێڵەو چ لەناو خودی تەوێڵە خۆیدا، دۆزینەوەیان لەکاتی هەڵکەندنی ئەو شوێنەدا، مرۆڤ بەرەو گومانێکی فرەرەهەند دەباتو فکریی مرۆڤ بەچەندین پرسیار دەوروژێنێت کە ئاسان نییە وەڵامیان بدرێتەوە. گومان بەدەروازەی یەقین بگەیەنن، لەوانە. چون شوێنەوارەکانو ئەو شمەکانەی یان بەڵگانەی لەسەر مێژووی ناوچەکە گەواهیدەرن، بڵاو و فرەجۆرن. نازانرێت ئایا کام لەم شوێنانە لەهەموویان کۆنترەو یەکەم خانوو لەچ شوێنێکیان دروستکراوە. (لێژلە)و (ماوامی) و (وەزەسور) و (باخەوان)و (بەری وەروێ) و (پێشێرە)و (دەرز نیگا)و (دەرەی بەڵخ) و (بێدەری) و (باباسەرهەنگ) و (حاجی بەشارەت)و (قوڵە) یان لەشوێنی تەوێڵەی ئێستادا وەك ناوچەکانی چلانەو مالێدەر؟.

ئایا کێ دەتوانێ ئەم بڕیارە بدات.؟ دێرینترین شوێنی ئاوەدانی تەوێڵە کامیانە؟ ئایا ئەو ڕایە تاچەند راستە؟ ئەو شوێنە ئاوەدانانەی دەوروبەری تەوێڵە دێی بچو بچوك بوونو لەگەڵ لەناوچوونی ئەواندا، بەخەڵكو دانیشتوانی ئەوان تەوێڵە ئاوەدانکراوەتەوە. یان دەشێت (چلانە) و (مالێدەر) بۆیەکەمجار

ئاوەدانکرابنــەوەو گۆڕســتانو شــوێنی لاوەکیــان ئەوناوچــانەی دەوروبــەریان بووبێــت، کــە ئێــستا ئــەو شوێنەوارانەیان تیادا دۆزراوەتەوە، بەهەرحاڵ لێرەدا دەخوازێت سەرنجتان بۆ چەند تێبینییەك رابكێشین:

1-تەوێڵە كۆنەو دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام.

2-جگە لەو سێ ناوچەیەی ئێستا، چلانەو مالێـدەرو وەراوەر، شـوێنەواری ئاسـەواری ئـاوەدانی لەچـەندین شوێنی تەوێڵەدا هەیە.

3-لەمێـژووی ناوەڕاسـتدا، ڕێگـای خۆراسـانو شـارەزوور، بـە تەوێڵـەدا تێپـەڕیووە. هەرچـەندە لەلایـەن جوگرافیناسـەكانەوە ڕاشـكاوانە نـاوی تەوێڵـەیان نـەبردووە، بـەڵام گومـان زۆر دەبرێـت كـە مەبەسـت لـە (مستشرق شهرەزوور)" تەوێڵە بێت[20].

هەروەها چەند سەرچاوەیەكیتر دەڵێن: مستشرق شهرەزوور[21]، باشترین زەوی كۆنو نوێیە.[22]

چوارەم: چەند شوێنەوارێك رازێكی سەیر دەگێڕنەوە

كاتی خۆی كۆمەڵێك لەرۆژهەلاتناسانی ئینگلیز هاتوو بۆ عیراق، بەمەبەستی ئاركیۆلۆجی*، چەند بـەردو شمەكێكیتریان دۆزیوەتەوە، كـە بەخـەتی بزمـاری كـۆن نوسـینیان لەسـەر یادداشـت كـراوەو پاشـان ئـەمان كردوویانە بەئینگلیزیو لە مۆزەخانەكانی خۆیاندا لەبەریتانیا پیـشانیان داون، نوسـەرێكی شوێنەوارناسـی عـەرەب بـەناوی (تـەفی عابـد) كـە یەكێكـە لەشـارەزاكانی زمانەكۆنـەكان، دوای بیـنینو خوێندنـەوەی نوسراوەكان پەیوەندی بـەگۆڤاری (العـرب)ەوە كـردووە،و ئاگـاداری كـردوون كـە شـوێنێكی وا هەیـەو ئـەم شوێنەوارانە، هەڵگری رازێكی زۆرنو وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی عەرەبیو لەلایەن گۆڤاری (العرب)وە (3) كـەس وەك نوێنـەری گۆڤارەكـە دێـنو پـاش پـەیڤینو ڕاگۆڕینەوەیـەكی زۆر، بـە (3) زنجیرە ئـەم بابەتـە بڵاودەكەنەوە. ئامادەیش دەردەبڕن بۆ لێكۆڵەرەوانو مێژوونوسانو شوێنەوارناسان كـە تـاوتوێو گفتوگـۆی گەرم لەسەر ماكو نـاوەرۆكی بابەتەكـە بكـەن[23]. ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بەهـەورامانو بەتایبـەت تەوێڵـەوە هەبێت، ئاگاهی نامەیەكی لێدەخەینە پێشچاو، كە تیایدا هاتووەو دەڵێ[24]:

---

[20]- عەبدولرەقیب یوسف: گۆاری كاروان. ژمارە (7). لا 137.

[21]-واتا ملەی شارەزوور یان زیندووی شارەزوور.

[22]- ئیبن خلداژبە: لەسەردەمی (10)ی زاینیدا، لەكتێبی (مختصر كتاب البلدان) لاپەرە (227)و (236) چاپی (برێل) باسی كردوە لەگەڵ چەند شوێنێكی تردا.

* ئاركیۆلۆجی: واتا زانستی شوێنەوارناسی.

[23]- ئەوان وەك سەنتەری گۆڤاری (العرب) ئەو ئامادەگییەیان دەربڕیوە نەك لێتوێژەر.

[24]- تقی عابد، العاید بارك، اراو و قراو، مجله العرب. عدد 9. تاریخ (28-29-30) فی (1990).

... ئیبراهیم لەدەوروبەری ساڵی (1950ی پ.ز) لەخێزانێکی کوردی هۆزی جاف لەتیرەی (قەهرۆ تایشی) لەدایك بووە، پێش ئەوەی ببێت بە (پێغەمبەر) ناوی (سەفاء ئازەر بووە)، گەنجێك بووە وەحی بۆهاتووە. خێزانەکەی کەناوی (سارا) بووە، لەهۆزەکانی (هەوارمین)ی سەربە شاری (پاوە) بووە کە دەکەوێتە سەر سنوری عیراق-ئیران. باوکی سارا خاوەن دەسەڵاتو پایەو سەرۆك هۆز بووە، ئیبراهیم خۆیو خێزانەکەیو دایكو باوکی لەشارۆچکەیەکی بچووکی شاری پاوە ژیاون، کەپێی دەوترێ تەوێڵە کە ئێستا لەخاکی عیراقدایە.

لەتەمەنی (29) ساڵیدا واتا لە ساڵی (1921 پ.ز) بووە بە پێغەمبەر (د.خ). هەر بەمنداڵی زیرەك بووەو وشیار بووە. هۆزەکەی بتیان دروستکردووەو پەرستوریانەو قوربانیان بۆ کردوون. ئیبراهیم بڕیاری دا ئەو بتانە بشکێنێت، ڕۆژێك هەموو بتەکانی شکاند جگە لەگەورەکەیا نەبێت. باوکی کە پێی زانی، شایەتی لەسەر دا. ئیتر حوکمی سوتاندنی ئیبراهیمیان دا، بەڵام خوا ڕزگاری کرد. خەزووریو هەندێ لەخزمانیو سارای خێزانی، (لوگ_لوت)ی برازای چوونە سەر ئاینەکەیو باوەڕیان پێهێنا.

.... تەوێڵە کەوتۆتە نێوان چوارشاخەوە. لەشیوێکی تەسکەوە دەچێتە ناوەوە، هەر لەم تەوێڵە-یەدا بوو ئیبراهیم پرسیاری لەخوداوەند کرد کە چۆن مردوو، زیندوو دەکەیتەوە، خوای گەورەش فەرمووی:" چوار باڵندە پارچە پارچە بکەو هەر پارچەیەکیان لەسەر چیایەك دابنێ، دوایی ئیبراهیم بەناوی خواوە بانگی کردوونو زیندوو بونەتەوە. هەر لێرەش مەنجەنیقی بۆ دادەخەن. لەئەنجامدا ڕێژەیەکی کەم باوەڕیان پێهێناو زۆرینە لەسەر بێباوەڕی خۆیان مانەوە. ئیتر ناکۆکی کەوتە نێوانیان، بۆیە تەوێڵەی بەجێهێشتو خۆیو ئەوانەی باوەڕیان پێهێنا هەڵهاتن بۆ (حەران*)ی سوریا.

لەم (حەران)دا ناکۆکی زۆر دەبێت لەنێوان هۆزەکانی (هەرکی) و (مزووری) و (زازۆ) و (میسری) و (کەنعانی) و (هەکاری) و (هەپ سوس یان هیك سوس).

ئیبراهیم لەم ناوچەیەدا دروشمی (یەکتاپەرستیو برایەتیو بەرژەوەندی هاوبەش) بەرز دەکاتەوە، بەناوی (هەموومان برای یەکترین) برای هەمووان ئیتر بە سەفائیان وتووە (برای هەمین، برێنمین). پاشان وشەکە گۆڕاوەو بۆتە (ئیبراهیم).

پاشان ئیبراهیم، هەجەر دەخوازێتو ساراش لەتەمەنی حەفتا ساڵیدا، (ئیسحاق)ی دەبێت، ئیسحاف کچێکی دەبێت بەناوی (ڕەباقە) وە بەهۆی ساراوە مارەی دەکات بۆ یەکێك لە خەڵکی بیارەی خوار تەوێڵە. هەروەها دەڵێت: ئیبراهیم دووسەد ساڵ ژیاوە (سەفا مەروە) واتا سەفا مەڕۆ. (7) جار بانگی دەکات، هەروەها کتێبی سۆفی ئیبراهیم ( فورقان) بەزاراوەی سۆرانی بووە.

---

* *حەران: لەڕاکردووانەوە هاتووە.*

## پەراوێزەکانی پاری یەکەم

( 1 ) تاوەکو ساڵی 1970 ( تەوێڵە ) و ( بیارە ) ش سەربەناحیەی ( خورماڵ ) بوون ، دوایی جیاکرانەوە ( بیارە ) بوویە ناحیە و ( تەوێڵە ) خرایە سەر بیارە .

(2) گۆڤاری کاروان ژ 7 ل 123 .

(3) ئەمە بەگوێرەی ئامار بەندی ساڵی 1947 بووە .

(4) د. شاکر خصباك لەکتێبی ( الاكراد - دراسة جغرافية اثنوغرافية ) لە ( المراكز شبه المدنية في لواء السليمانية ) ل 212

(5) لە هەمان سەرچاوەی رابردوودا ، بەشی ( صفات ووظيفة مراكز المدينة ) ل 217

(6) هەمان سەرچاوەی ڕابردوو ل 226

(7) شاخەکانی پشتی ( مالێدەر و وەراوەر و چلانەن) ... بەڵام ئەمەی سێهەمیان دووبەشە و قەڵای گاوران بەشێك و ( هانە کڵەوەهارە ) بەشەکەی تری پێکدەهێنێت .

(8) لە( عەممانەوە بۆ ئامێدی ) گەشتێك بە کوردستانی باشووردا ... عەلی سەیدۆ گەورانی نووسیویەتی و طالب بەرزنجی کردویە بەکوردی ، ل 66 . نووسەر لەساڵەکانی ( سی ) دا گەشتێکی بەکوردستانی باشووردا کردووە و هەندێك شتی تۆمار کردوە .

(9) شاکیر فەتاح لە ( گەشتی هەڵەبجە و هەورامان ) دا کەلەگەڵ ( ئیسماعیل عەلی ) ناوێکدا کەلەبەرواری 21 /1933/8 دا دەچێتە تەوێڵە ئەمەی سەبارەت بەتەوێڵە یاداشت کردووە .ل 31

(10) سەرچاوەی ڕابردوو ئەڵێ : تەوێڵە ( 600 ) ماڵ بووە ، نزیکەی ( 50 ) خانووی سێ نهۆمی تیابوو .

(11) ئەمە وەکو پەندێك لەناوچەکەدا بڵاوە واتە : هەر ماڵێك خۆر نەیگرێتەوە ، حەکیم و پزیشك زوو زوو ڕێ یان لێ ئەکەوێت .چونکە خەڵکەکەی تووشی نەخۆشی دەبن .

(12) الاكراد - د . شاکر خصباك ، ل 212

(13) اصول اسماء المدن والمواقع الجغرافية ، ج 1 ، جمال بابان ، لا 249 . لەم کتێبەدا ساڵی سەر ژمێریەکە نەهاتووە بەڵام کتێبەکە ساڵی 1976 دانراوە .

(14) بۆ ئەم سەرژمێریە ، پاش وەرگرتنی ڕای کەسانی شارەزاو ریش سپی ، شوێنە جیا جیاکان و ، پرسیار کردن لەکەسانی ئاگادار ، ڕێژەی ماڵەکانمان بەنزیك کردنەوە داناوە ، ژمارەی کەسەکانیش بۆ هەر خێزانێك ( 4 ) کەس

دانراوە و بەشێوەی گشتی پاش ئەوەی هەر ( 50 ) ماڵ لەشوێنێك ناونوسمان کردبن ئەو ڕێژەیەی بەدەستەوە داوە .

[15] تەنانەت لەساڵەکانی 1959 و 1974 و 1991 دا ئەوەندە بەفر باریوە کەدار و درەختێکی زۆر لق و پۆپەکانیان شکاوە و چەندین باخ تووشی زەرەرو زیان بوون بەوهۆیەوە ... هەربۆیە زۆرجار لەکاتی بارینی بەفری وشك و زۆردا ، خاوەن باخەکان ، درەختەکان ڕادەوەشێنن بۆئەوەی بەفرەکەی لەسەر بوەرێت و لق و چڵەکانی قورس نەبن و بشکێنەوە .

[16] گۆرانی شاعیر جوان تەعبیری لەم حاڵەتەی تەوێڵە کردووە کە ئەڵێ :

لەسەر جۆگەی ئاش قاز و مراوی

چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی

بەڵام تا خولقی نەکا چێشتەنگاو

نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو

[17] سوود وەرگیراوە لەبابەتێکی بەڕێز ( فەرەج عەلی ) بەناوی ( هەندێ زانیاری دەربارەی کانیەکانی کوردستان ) کەلە گۆڤاری ( کاروان ) ژ : 16 ی 1983 دا ل 67 بلاوکراوەتەوە .

[18] شاکیر فەتتاحیش لە گەشتی هەڵەبجە و هەوراماندا ل 38 دانی بەمەدا ناوە .

[19] ئەم دووانەی دوایی لە ( دزاوەر ) ن بەڵام بەزۆری تەوێڵەیی سوودی لێوەردەگرن . بۆیە نووسیومانن .

[20] ئەم کانیانە بەقەد پاڵی شاخەکانەوەن بەڵام زیاتر لەبەشی خوارەوەی تەوێڵەن بۆیە لەم بەشەدا یاداشتمان کردن .

[21] ئەم یەکەیە تایبەتە بەجێ شوێنەکانی وەك شاخ و دۆڵ و نواڵە و قەڵاو ملە و ... هتد ، هەروەها لە ( العراق الشمالی ) نووسەر : د . شاکر خصباك ، ل 228 دا هاتووە کە بەرزی چیاکانی هەورامان ( 2548 ) مەترە . لەچیابەرزەکانیش وەك : کۆسالان ، شاهۆ ، ( تەخت یا کەژی سپی ) ، قەڵا میرزا ، قەڵای گویج ، ملەگای بینجە .

## بەشی چوارەم

## کاریگەری سەتەلایت لەسەر

## پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لەتەوێڵەدا

یەکەم : تەوێڵە لە ئێستادا :


لەشارۆچکەی تەوێڵەدا ئەمڕۆ 850 خێزان ئەژین، 750 ئامێری سەتەلایتی تێدایە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەشارۆچکەی ناوبراودا بێجگە لەسەتەلایت وەك هۆکارێکی رۆشنبیریی‌و راگەیاندنی بینراو، ناتوانرێت سود لەکەناڵە ناوخۆییەکانی تیڤی وەربگیرێت، چونکە وەکو لەبەشی پێشتردا باسکرا، شارۆچکەکە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵە شاخێکی (سەخت‌و گەردنکەش) هەربۆیە کەناڵی ناوخۆیی وەرناگرێت، ئەمەش هۆیەکی بەربڵاوی بەکارهێنانی سەتەلایتە لەم ناوچەیەدا.

دووەم : وەلاّمی فۆرمی راپرسی :

ئێمە لەو راپرسییەماندا کەسازمان کرد لەشارۆچکی تەوێڵەدا بۆمان دەرکەوت کە لەساڵی 1996 دا یەکەمین سەتەلایت هاتوەتە ناوچەکەوەو لەچایخانەی ناوەندی شارۆچکەکەدا دانرا. ئەمەو تا ماوەی دوو ساڵ هەر بەو شێوەیەو تاك‌و تەرا لێرەو لەوێ سەحنی سەتەلایت بەرچاو دەکەوت بەڵام لەساڵی (1998)ەوە، بەرێژەیەکی بەرچاو پەرەیسەندو زیادی کرد، تاوەکو ئێستاش ئەو فراژبوون‌و گەشەکردنە بەردەوامیی هەیە.

ئەو فۆرمانەی ئێمە دابەشمانکرد لەراپرسیەکەدا، بریتی بوو لە 113 فۆرم، لەم رێژەیەش 100 فۆرمان بەدەست گەیشتەوە (بڕوانە بۆ پاشکۆی دۆکیۆمێنتەکان دەقی فۆرمەکەی تیادا شیکراوەتەوە). لەم 100 فۆرمەشدا:


*رەگەز: 65٪ نێر، 35 ٪ مێ.





رەگەز..

*تەمەن: لەنێوان 20-75 ساڵ، بەشێوەیەکی گشتی وەرگیراوە،

*زۆرترین ڕێژەی بەشداربوان لەنێوان تەمەنی 36-40 ساڵدایە .




*ڕێژەی سەیرکردنی سەتەلایت لەشەوو ڕۆژێکدا بەڕێژەی نێوەند 76 و 4 سەعاتە.





## شەو و رۆژ چەند کاتژمێر سەیری سەتەلایت دەکەیت ؟

*ئەو زمانەی کەزۆرترین بینەر جگە لەکوردیی لێی تێدەگات، بەرێژەی 80٪ عەرەبیو 20٪ فارسی.

ئەمەشە دەگەڕێتەوە بۆ:


1-نزیکی شارۆچکەی تەوێڵە لەسنوری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

2-کاریگەریی خوێندنو نوسینی عەرەبیی لەسەر کوردستانی عێراق.




لەکام زمان زیاتر تێدەگەیت ؟

*ئەو کۆمەڵەیەی زۆرترین بینەری هەیە 84٪ کۆمەڵەی ئەوروپا، 6٪ تورکیا 5٪ عەرەبسات، 5٪ نیل سات.




چ کۆمەڵەیەك زیاتر سەیر دەکەیت ؟

*ئەو بابەتانەی زۆرتر سەیر دەکرێن:

39٪ بابەتی سیاسی هەواڵو راپۆرت

30٪ فیلمو زنجیرە دراماو تەمسیل


8٪ گۆرانیو میوزیك

7٪ بابەتی کۆمەڵایەتیو ماڵداری

6٪ وەرزش

6٪ وتارو بابەتی ئایینی

4٪ بابەتی کاریکاتێرو کات بەسەربردن.





**چ ماددەیەك زۆرتر سەیر دەكەیت ؟**

*ئەو كەناڵانەی بۆ وەرگرتنی هەواڵ پشتیان پێدەبەسترێت:

55٪ كەناڵە كوردییەكان

45٪ كەناڵە عەرەبییەكان





**بۆ هەواڵ پشت بەكام كەناڵ دەبەستن ؟**

*کاریگەریی بوونی سەتەلایت لەسەر کەم کردنەوەی سەردانی خزمو دۆستانو شەونشینی کردن لەگەڵیاندا.

75٪ بەڵێ کاریگەریی هەیە.

14٪ نەخێر کاریگەریی نییە.

11٪ هەندێجار هەیەتیو هەندێجار نییەتی.





ئایا بوونی سەتەلایت لە ماڵەکەی خۆت وای لێکردوویت سەردانی خزم و دۆستانت بەشەو کەم بکەیتەوە ؟

*بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا (پێش ئەوەی سەتەلایتت هەبێ) ئامۆشۆی خزمو ناسیاوان چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە:

65٪ لاواز بووە.

24٪ تارادەیەك لاواز بووە.

11٪ بەهێزتر بووە.





**پێش ئەوەی سەتەلایتت هەبێ لەگەڵ ئێستادا ئامۆشۆی خزم و ناسیاوانت چۆن بووە ؟**

*کاریگەریی سەتەلایت لەسەر پۆشاکی ئافرەتان:

39٪ بەڵێ کاریگەریی هەبووە.

55٪ نەخێر کاریگەریی نەبووە.

6٪ تاڕادەیەك کاریگەریی هەبووە.





ئایا بوونی سەتەلایت کاریگەری کردووەتە سەر جۆری جل و بەرگی ئافرەتان ؟

*کاریگەریی سەتەلایت لەسەر پۆشاکی پیاوان:

13٪ بەڵێ کاریگەریی هەبووە.

80٪نەخێر، کاریگەری نەبوو..

7٪ تاڕادەیەك کاریگەریی هەبووە.





**ئایا بوونی سه‌ته‌لایت كاریگه‌ری كردووه‌ته سه‌ر جل و به‌رگی پیاوان ؟**

*كاریگـه‌ریی سـه‌ته‌لایت له‌سـه‌ر جـۆرو مـۆدیلی مۆبیلیـاتی ناومـاڵ، تاچـه‌ند هه‌وڵـدراوه چـاو لـه‌وجۆره سه‌ته‌لایته بكرێ كه له‌سه‌ته‌لایت ریكلامی بۆ ده‌كرێ.

27٪ به‌ڵێ

19٪ نه‌خێر

54٪ هه‌ندێجار





لەسەر جۆر و مۆدێلی مۆبیلیاتی ناوماڵ هەوڵتاندراوە چاو لەو جۆرە مۆدێلانە بکەن کەسەتەلایت ڕێکلامی بۆ دەکات ؟

*ئەوکاتەی سەیری سەتەلایت دەکەین هەست بەدواکەوتوویی کۆمەڵگاکەت دەکەیت.

64٪ بەڵێ

2٪ نەخێر

34٪ هەندێجار




ئەو کاتەی سەیری سەتەلایت دەکەیت هەست بە دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەت دەکەیت ؟

سێیەم : سەرنج لەسەر راپرسییەکە

لەپوختەی راپرسیەکەوە چەند ئەنجامێکمان لەلا گەڵاڵە دەبێ لەوانە:

1/وەك لەراپرسییەکەدا دەرکەوت 35٪ ئافرەتان بەرچاو کەوت تاوەکو رای وەرگرین لەبارەی توێژینەوەکەمان، کە ئەم رێژەیەش لەچاو پیاواندا کمە پێمانوایە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کەئەم شارۆچکیە لەگەڵئەوەی لەساڵی 1928 خوێندنگەی تیا کراوەتەوەو کەسانی وەکو (گۆران)ی شاعیر دەرسیان تیا وتوەتەوە، بەڵام هێشتا بەدەست داخرانو نەکراوەیی و نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنێت، تا ئەمرۆش هێشتا (عەیبەو مەکەو شەرمو ترس) و کۆتو بەندە کۆمەلایەتیەکان رێگری سەرەکین لەبەردەم کرانەوەو بەشداریکردنی کارای ژنان لەچالاکیە جۆراوجۆرەکاندا.

2/وەکو بینیمان تەمەن لەم ناوچەیەدا نەبوەتە رێگر بۆ موتالاکردنو پرۆسەی بەردەوامی خۆرۆشنبیرکردن لەرێگای کەناڵەکانی راگەیاندنەوە، هەربۆیە ئێمەش توانیمان 11 کۆمەڵە لەتەمەنی یەك لەدوای یەك وەرگرین، کەسەرەتاکەی لەتەمەنی 20 ساڵییەوە دەستپێدەکاتو بە 75 ساڵی کۆتایی دێت، نێوانی هەر

کۆمەڵەیەکیش 5 ساڵە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی تەواومان دەداتە دەست بۆئەوەی بڵێین: راستە تێپەڕبوونی تەمەن درز لەژیانو لۆچ لەروخسارو زام لەرۆحدا دروستدەکات، فرمێسك لەچاوو هەناسە لەسنگدا قەتیس دەکات، بەڵام هەرگیز ناتوانسێت وزە لەرۆحو ئیرادە لەژیانو خواست لەفێربوونو زانین بسێنێتەوە.

3/ماوەی ئەوکاتە دیاریکراوەی کەبەدیار بەرنامەو پرۆگرامەکانی سەتەلایتەوە بەسەر دەبرێت، جێگەی بایەخە، ئەگەر تێبینی ئەوە بکرێت لەراپرسییەکەدا دەرکەوتبوو بۆ 3 سەعات 10 کەس، بۆ 5 سەعات 17 کەس، بۆ 4 سەعات 29 کەس، بۆ 6 سەعت 32 کەس، کەدیارە بێجگە لەم رێژانە لە (1) سەعاتەوە بۆ 8 سەعات رێژەی کەمتر لەبەردەستدا هەن، کەکەمترینەکەیان 3 کەسە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئەم ماوە زۆرە بەدیار شاشەیەکەوە دانیشتن بێجگە لەپراکتیکردنی رۆڵی بەرفراوانی سەتەلایتو ئەوەش دەسەلمێنێ کەئەم شارۆچکیە خزمەتگوزارییو زانیارییو زانستییو بوارەکانی راگەیاندنو خۆرۆشنبیرکردنو کۆفی نێتو سینەما سکرینو هۆڵی شانۆو نمایشگاو یانەی وەرزشییو چەندین شوێنو شتی تایبەت بەنواندنی چالاکیو خۆسەرگەرمکردن بەجێبەجێکردنی خواستو خەونەکانی گەنجانو ژنانو خوێندکارانەوە، تێدا نەك هەر لاوازە بەڵکو هەر نییە.

4/لەکوردستانی باشوردا گوندو دێی وامان هەیە کەتا ئەمڕۆی 2005 هێشتا سەحنی سەتەلایتی تیا هەڵنەدراوە، بەڵام شارۆچکەی ناوبراو لەساڵی 1996دا سەتەلایتی بۆ چووەو لەساڵی 1998دا، نزیکەی 32 سەتەلایتی تیابوە، لەئەمڕۆشدا 750 سەتەلایتی تیایە، مایەی ئەوەیە کە بڵێین تاکەکانی ئەم شارۆچکەیە جۆرێك لەعەوداڵییان هەیە، بەدروستکردنی پەنجەرەیەكو روانین تێوەی بۆ چەمكو بەشو بوارەکانی کولتورە جیاوازەکان، بەڵام ئەوەی ئەنجامی ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی (یەکەم) دا، پێچەوانە دەکاتەوە ئەوەیە کەهێشتا ئەم خەونو خولیایە لەبواری تیۆرەوە بۆ پراکتیك هەنگاوی هەڵنەهێناوە، هێشتا هەر خونەو پردێکی لەنێوان خۆیو واقعدا دروستنەکردووە، هێشتا هەر گرێیەکەو بەدەست تەونی کۆمەڵایەتیو (مەکو عەیبەو چۆن دەبێو ئاخر نابێ.. )ی تێنەپەڕاندووە.

5/یەکێکیتر لەو خاڵانەی کەجێگەی ئاماژەپێکردنە، جاران لەم شارۆچکەیەدا ئەوەندەی خوێندەوار بوبێ، بێ ریزپەڕ (کوردیو عەرەبیو فارسی) زانیوە تیاشیانا بوە بێجگە لەو سێ زمانە تورکیشی زانیوە، کەئەمەش بەرەنجامی ئەو خوێندنە بووە لەحوجرەکانی ئەم ناوچەیەدا، بەم سێ زمانە زانستە ئاییندیەکان خوێندراون، بەڵام ئەمڕۆ ئێرەش وەك هەر شوێنێکی تری ئەم کوردستانە ئازاد کراوە، لەژێر ناوی کوردایەتیدا، بەکوردیی خوێندن گەورەترین دەرگای فێربوونی زمانی ئەویتری لەنمونەی فارسیو عەرەبیو تورکیو .. هتد بەڕوودا داخستووە.. (سەد حەیفو مەخابن جاران تا شەشی ئیفتیدادی دەخوێنرا، کوڕەکە خوێندوارێکی تەواو بوو، زمانی دزانی، بەڵام ئەمڕۆ کولیە تەواو دەکات هیچ نازانێ بێجگە لەکوردیی هیچ زمانێکیتر فێر نەبووە). ئەمە قسەی یەکێك لەپیرەکانی ئەو ناوچەیە بوو لەکاتی راپرسییەکەماندا.

6/کۆمەڵەی کەناڵەکانی ئەوروپا (*Hotberds (KU)*) کە لە 84٪ ی خەڵك تەویلە هۆگری بوون، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ:

أ/ئەم کۆمەڵەیە زۆرترین کەناڵی تیایە.

ب/هەمەڕەنگترین کەناڵی لەخۆگرتووە.

پ/بەزۆرترین زمانی جیاواز، کولتوری جیاواز پێشکەش دەکرێ.

ت/کۆی کەناڵی کوردییەکانی تێدایە.

ح/کەناڵە عەرەبیو فارسیو تورکیەکانیشی تێدایە، کەتارادەیەك نزیکن لەسنوری زمانی کوردییەوە.

خ/زۆرترین سەرچاوەی هەواڵو راپۆرتو ریپۆرتاژو ئینتەرڤیو ژانرە رۆژنامەوانییەکانی تێدایە.

د/جیاوازترین دژیەکترین بەرنامە، ژانر، بابەت، فیلم لەخۆ دەگرێت بەکۆی چەمکە دژەکانی (ئایینو سیاسەتو کولتورو زمان).

ه/زۆرترینی ئەو کەناڵانەی تێدایە کەئەگەر (مشفر) یش، بن کارتی کردنەوەو رامکردنی خستنە بەدرەستی لەناوچەکەدا کارئاسانی بۆ کراوە.

7/ئەو بابەتانەی زیاتر جێی سەرنجن، بابەتی سیاسیی هەواڵو راپۆرتە کەئێمە ئەم رێژەی موتابەعەی هەواڵو سیاسەتەمان پێ جێگەی گومانە، چونکە ئەوەندەی لەسایکۆلۆژییەتو خەسڵەتەکانی پێکهاتەی کەسایەتی تاکی هەورامیی تێگەیشتوین کەمتر تاقەتو وزەی خۆی لەرامیارییدا بەخەرجدەدات.

ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کەلەسەر ئاستی تاك هەڵکەوتەی سیاسی ناخاتەوە، نەخێر بەڵکو دەکرێ بڵێین ناوچەکە شانازی دەکات بەکەسایەتی ئازاد هەورامی (کەسایەتی ناسراوی نێو (ی.ن.ك)و نالە هەورامی (کەسایەتی ناسراوی نێو پ.د.ك) و سوبحی مەهدی (کەسایەتی ناسراوی نێو ح.ش.ك)ۆ هەنو هی تریش ئەم زنجیر هیە درێژە پێدەدەن بەڵام لەسەر ئاستی گشتو گشتاندن، ئێمە پێمانوایە ئەو رێژەیە جێگەی گومانە وەك بابەتی رامیارییو سیاسەت، ئەگین دەکرێتو دەگونجێت وەك ژانری رۆژنامەوانیی موتابەعەی هەواڵ بکرێت، وەك یەکێك لەکاراترین کەناڵەکانی ئینفۆرمێیشن.

8/ئێمە لەم راپرسیوە گەیشتینە ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لەدوای بڵاوبونەوەی ئامێری سەتەلایتەوە لەناوچەکەدا رووی لەکزیی کردووەو هەندێك لەسیماو ئەدگاری کۆمەڵایەتی باو (وەك: تەعزیێو شاییو شیوەن)ی بێ بەدەرکە، کەئەوانیش لە 2 سەعات تێپەڕ ناکەن، ئیتر دەتوانین بڵێین: لەنێونەوەی نوێدا بەتایبەت (*Hiy*) های ... جێگەی سڵاوو مەرحەبابییو سەردانو هەواڵپرسینی گرتوەتەوە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

أ/لە 75٪ رایان وایە بوونی سەتەلایت شەونشینی لەگەڵ خزمو دۆستان کەمکردوەتەوە.

ب/65٪ پێیان وایە بەهۆی سەتەلایتەوە ئامۆشۆی خزمو ناسیاوان لاواز بووە.

ج/64٪ پێیانوایە سەتەلایت، پێیاندەڵێت کەئێوە دواکەوتوون.

9/سەبارەت بەجلوبەرگو پۆشاکی ئافرەتانو جۆری مۆبیلیاتی ناو ماڵو ستایلی مۆدێلەکان چەند پرسیارێك پێشکەشکراون، کەلەوەرگرتنی وەڵامەکانیاندا دەگەینە ئەو ئاستەی کەبڵێین: 39٪ بڕوایان وایە گۆڕانی مۆدێلی جلوبەرگی ئافرەتان بەهۆی کاریگەریی سەتەلایتەوەیە. 54٪ یش بڕوایان وایە هەندێجار چاو لەو مۆدێلانە دەکرێت کەریکلامی کەناڵەکان بۆر مۆدێلو کالآیەکی ناوماڵی دەکەن، ئەمە بێجگە لەوەی 47٪ بڕوایانوایە کەبەڵێ، جۆرو مۆبیلیاتی ناوماڵ بەگوێرەی ریکلامی سەتەلایت دەگۆڕێت.

**ئەنجام :**

بەدرێژایی لێکۆڵینەوەمان لە سەر کاریگەریی سەتەلایت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گەیشتینە ئەم کۆمەڵە دەرەنجامە:

1. پەیامی کەناڵی بینراو کاریگەریی زیاترە لەسەر مرۆڤ بەگشتییو زیاتریش سەرقاڵی دەکات بەخۆیەوەو، زۆرتریش لە زهنو بیرو ناخیدا دەمێنێتەوە.
2. کوردستان بەگشتیی پێشوازییەکی گەرموگوڕ دەکات لە پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆژیاو کەناڵەکانی ماسمیدیا، ئەم پێشوازیکردنەی لە ئاستێکدایە کە شانشانێن دەکات لەگەڵ کۆی دابو نەریتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو کولتورە وەستاوەکانی نێو بۆتەی کۆمەڵگەی کوردیی، بە شێوازە مۆدێرنەکانیش موتوربەیان دەکات.
3. لەچاو کەمیی زەمەنی بڵاوبونەوەی سەتەلایت لە کوردستاندا، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر کۆی (رەگەز، تەمەن، زمان، رۆشنبیریی، هونەر، کۆمەڵایەتی، سیاسەت، ئەتەکێتی ماڵ، مۆدێلی جلوبەرگ لەسەر ئافرەت بەتایبەتیو پیاوانیش بەگشتیی، مۆبیلیاتی ناوماڵ، پێشکەوتنی کۆمەڵگا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، حاڵەتە دەرونییەکانی وەکو: هەڵچونو خەمۆکیو ....هتد).
4. ئەو هۆکارانەی کە بونەتە پایەی سەرەکیی راگرتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرگەرمبوون بە گەمەکانیتەکنۆلۆژیاو کایەکانی ماسمیدیاو کەناڵەکانی راگەیاندنو شاشەی سەتەلایت، لەقیان دەکات، ئەم راستییە لە بەشی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەماندا بە ئامارو ژمارە سەلمێنراوە.
5. ئەگەر کاریگەریی سەتەلایت لەسەر کۆمەڵگەیەکی سەرسنورو دورە دەستی وەك (تەوێڵە) بەرادەیەکی بەرچاو بێتو پێویست بێت، ئێستێکی لەبەردەمدا بکرێت، ئەی ئەبێ بە بەراورد لەگەڵ شارێکی گەورەی وەك سلێمانی دا، ئەگەر کاریگەریی سەتەلایتوکۆی بوارەکانی

تەکنۆلۆژیای راگەیاندن بخرێتە بەرتیرۆژی لێکۆڵینەوەوە، ئینجا دەردەکەوێت لەچ ئاستێکدایەو چ حاڵەتێکی پڕ لە گۆڕانکاریی دروستکردووەو، چ دەرهاویشتەیەکی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیو دەرونیدا لێدەکەوێتەوە.

6. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان هەڵکەوتەیەکی جوگرافی وای هەبوو، کە شایەنی ئەوە بوو پێوەرێك بەرهەم بهێنێت لە بواری کاریگەریی سەتەلایتدا، چونکە 85٪ی دانیشتوانی شارۆچکەکە هۆگری کەناڵەکانی سەتەلایتن، لەبەر نەبونی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر لە رووی تێرکردنی زانیارییو بەخشینی مەعریفەو رۆشنبیریی وەك کەناڵی ناوخۆیی.

7. دانیشتوانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە سەتەلایت بەکاردەهێنن، لەبەر چەند خاڵێك:

- پێویستیی زانیارییو کۆنترۆڵکردنی ژینگە، بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر رێنوێنییەکانی ژیان، خۆ پەروەردەکردن، دڵنیابوون لە زانین.
- بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر کەسایەتی خودو، توانای خودو، رۆڵی خود، و بەراوردکردنی بە رێژەی توانای خۆی، کە ئەمەش لەوەدا رەنگیدەدایەوە کە کۆمەڵگە چۆن دەتوانێت کەسایەتییەکی نەوەی نوێی تەوژمی زانیارییەکان قبوڵبکات لە کاتێکدا ئەو دەگەڕێت بەدوای ستایلو مۆدێلێکی تری هەڵسوکەوتو مامەڵەدا، سەلماندنی کەسایەتی خود وەك لاساییکردنەوەو شوێن پێهەڵگرتنی کارەکتەرێك لە کارەکتەرەکانی کەناڵەکانی میدیا.
- مافدان بەخود وەك تاکێك وەك کەسێك کە هەڵگری کۆمەڵێك جیاوازیی تایبەتییە لە رووی کەسایەتیو فۆرمو حەزو خولیلو خەونو ئارەزو و ئامانجەوە. بەکورتی نەوەی نوێ دەڵێت من مافم هەیە بەمشێوەیە هەڵسوکەوت بکەم کە پەیامەکانی ئۆروپا، لە رێی کۆمەڵەکەیەوە لە سەتەلایت نمایشی دەکات، من پشتگیریی لێدەکەم، _ئەم تێڕوانینە لەوانەیە جێگای تێڕامان بێت لە شارۆچکەیەکی و وەك تەوێڵەدا کەسانی بەو شێوەیە بەرچاو بکەون، بەڵام ئەمە واقیعە کاریگەریی سەتەلایت لە رووی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەوە لەو ئاستەدایە، کە دەستی دەگاتە منداڵەکانی تەوێڵەش _ ئەم حاڵەتە گەیشتۆتە قۆناغێك بابەتێك کە کەناڵەکان پشتگیریی لێنەکەن خەڵکیش پەڕاوێزی دەخەن.

پێویستیی خۆیەکخستنو خۆگونجاندن لەنێو کۆمەڵگادا، بینەر وەکو نزیکێکو وەکو دۆستێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ کارەکتەرو پاڵەوانو دەرکەوتەکانی سەتەلایتدا دەکات، ئەمە لە ئاستێکدایە ئەوانەش کە لە رووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە لاوازن لەگەڵ کەناڵەکانی سەتەلایتدا زۆر تەباو جۆرن. لە بازاڕو چایخانەو شوێنە گشتییەکاندا میدیای سەتەلایت بابەتێکە بۆ گفتوگۆ، ئەم گفتوگۆیە زۆرجار راو رای جیاوازیش دەگرێتەوە بەحوکمی جیاوازبونی ئاڕاستەی بیرکردنەوەی تاکەکان، وەرگرتنی دۆزینەوەی هاوجوتییەکان،

بۆنمونه له کاتێکدا که گروپێکی وەك (ی.ن.ك) له دەڤەرەکەدا یاساغ بوو، لەرێگەی دەنگی سەتەلایتو رەنگی کوردساتەوە هەریەك دەیتوانی هاوجوتی خۆی بدۆزێتەوە، که ئەوە لە خۆمانە، ئەمە گەیشتوەتە ئاستێك له رووی کۆمەڵایەتییەوە، خێزان لەگەڵ برادەرەکانیدا، لەگەڵ میوانەکانیدا، گفتوگۆ دەکەن دژی یەك دەبن یان پشتگیریی یەك دەکەن بۆ سەیرکردنی کام کەناڵو کام ژانری رۆژنامەنوسیی، تەنانەت گەیشتوەتە ئاستی پێکەوەنانی خێزانی نوێش له هاوسەرانی کۆمۆنیکەیشنی کەناڵێکی تایبەتی میدیای سەتەلایت.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**


- ✓ د. شاكر خصباك: الاكراد _ دراسة جغرافية اثنؤغرافية، الطبعة الاولَ.
- ✓ د. شاكر خصباك: العراق الشمالي، الطبعة الاولَ.
- ✓ جمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع الجغرافية، ج: الاول. الطبعة الاول، 1976.
- ✓ طه باقر و فؤاد سفر: المرشد المواطن الاثار والحضارة، الطبعة الاولى.
- ✓ عبدالرقيب يوسف: طويلة، مجلة كاروان قسم العربي، العدد 7، دور الاول.
- ✓ ابن خرداذبه: مختصر كتاب البلدان، الطبعه البريل.
- ✓ تقي عابد: مجله العرب، العدد 9، ملحق هايد بارك، (28،29، 30 /1990/5).
- ✓ ناهيدة عبدالكريم خافظ: مقدم في تصميم البحث الاجتماعية، مطبعه المعارف، بغداد 1981.
- ✓ معين خليل عمر: الموضوعية والتحليل في البحث الاجتماعية، الطبعة الاولى، دار الافاق الجديدة بيروت 1983.
- ✓ طاهر حسو زيباري: التنشة السياسة الاجتماعية في الكردستان العراق، مجلة زانكؤ للعلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين، اربيل عدد 12، 2001.
- ✓ د. ياس خضير البياتى: الاعلام الدولي والعربي، جامعة بغداد 1993.
- ✓ د. صفا حداد و سعد ابراهيم: الاتصالات، موسوعة العلوم.
- ✓ احسان محمد الحسن: موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، ط: الاول 1999.
- ✓ د. هاني رضا و د. رامز محمد عمار: الرى العام والاعلام والدعاية، المؤسسة الجامعية للدراست والنشر والتوزيع، الطبعة الاولى 1998.
- ✓ غؤستاف لؤبؤن: سايكولوجية الجماهير، ترجمة: هاشم سالح، الطبعة الاولى 1997.

- ✓ غوران هدبرو: الاتصال والتغير الاجتماعي في الدول النامية، ترجم: محمد ناجى الجوهر، الطبعة الاولى 1990، بغداد.
- ✓ ولبر شرام: وسائل الاعلام والتنمية القومية، ترجمة: اديب يوسف شينش، دمشق 1969.
- ✓ د. مجد هاشم الهاشمي: الاعلام الكوني وتكنوجيا المستقبل، دار المستقبل للنشر والتوزيع، عمان اردن 2001.
- ✓ مليحة عونى و معين خليل: المدخل الى علم الاجتماع.
- ✓ د. نوري ياسين هرزاني: الاعلام والجريمة، مطبعة جامعة صلاح الدين، كوردستان هولير 2005.
- ✓ محمد جميل شلش: اللغة و وسائل الاعلام الجماهيرية.
- ✓ د. محمد بن عبد الرحمن الحضيف: كيف تؤثر وسائل الاعلام، مكتبة العبيكان، الطبعة الثاني، رياض 1998.
- ✓ د. سميرة احمد السيد: مصطلحات علم الاجتماعية، الطبعة الاولى 1997، مكتبة الشقري.
- ✓

**سەرچاوە کوردییەکان:**

- ✓ عەلی سەیدۆ گەورانی: لە عەمانەوە بۆ ئامێدی، و: طالب بەرزنجی، چاپی یەکەم.
- ✓ شاکر فەتاح: گەشتی هەڵەبجەو هەورامان، چاپ یەکەم.

محەمەدی مەلا کەریم(ساغکردنەوەو پێشەکی و لێکۆڵینەوە): دیوانی گۆران.

- ✓ فەرەج عەلی: هەندێ زانیاری دەربارەی کانییەکانی کوردستان، گۆڤاری کاروان، ژمارە، 16 ، ساڵی 1983.
- ✓ د.موەفەق دەرگەڵەیی: دەرسگوتارەکانی ژانرەکانی رۆژنامەنوسی، قۆناغەکانی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، 2004 ـ 2005 .
- ✓ رەزا تۆفیق: دەرسگوتارەکانی کۆمۆنیکەیشن بۆ قۆناغی چوارەمی بەشی راگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، 2004 ـ 2005 .
- ✓ گۆڤاری رایەن ژمارە (5&4) بەهارو هاوینی 2002.

- ✓ ڕێبوار سیوەیلی: مێژووی هزری کۆمەلایەتی لە کولتورە زارەکییەکانەوە بۆ یۆنانو ڕۆم، چاپی یەکەم 2003 هەولێر.
- ✓ کۆمەڵێ نووسەر: دەرونزانی کۆمەڵایەتی، و:جەلال خەڵەف ژاڵەیی، چاپی یەکەم 2004 سلێمانی.
- ✓ دەیڤد بۆهام: دەربارەی پەیوەندی، و: محەمەد عەل حسێن نەژاد.
- ✓ سایتی گۆگڵ لەئینتەرنێت، سێرچ بۆبابەتەکانی (پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان، خێزان، هۆکارەکانی تێکچونی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، ژنو مێرد).
- ✓ سەتەلایت بەتایبەت کۆمەڵەی هۆت بێرت.